دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێـــران

ژمارە ٦٥٦، دووشەممە، ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٤، ٦ی ژووییەی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**هیجری: هیچ حیزبێک بۆی نیە خۆی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بسەپێنێت**

*

**ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی ئاکام تەلاج**

*

**نوێنەری حیزبی دێموکرات وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی UNPO هەڵبژێردرا**

» ل ٢

**وتووێژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ**



٤

**ڕاسانی شاخ و شڵەژانی ئاوی مەنگ**



٦

**ئیعتیاد بە مادده سڕکەرەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات**



٧

**ڕۆژی جیهانیی ئەشکەنجە و پشتیوانی لە قوربانییەکانی ...**



١٠

# نوێنەری حیزبی دێموکرات وەک ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی UNPO هەڵبژێردرا

UNREPRESENTED NATIONS & PEOPLES ORGANIZATION

unpo.org



لە دوایین ڕۆژی کاری کۆنگرەی UNPO ، عەلی عەبدیلزادە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕێکخراوەدا، وەکوو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان هەڵبژێردرا.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی دەی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، دوکتور عەلی عەبدیلزادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی UNPO لە دانیشتنی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوەدا (ڕێکخراوی جیهانی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان) بەشداری کرد.

لەم دانیشتنەدا پاش پەسندکردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی دانیشتنەکە ، ڕاپۆرتی کار و چالاکی یەك ساڵی ڕابردووش تاوتوێ کرا.

بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتنە تایبەت بوو بە باس کردن و بڕیاردان لەسەر داخوازی ئەندامەتی چەندین ڕێکخراوی نوێ.

هەر لەم بەشەدا، بە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری وەك ئەندام لە UNPO وەرگیرا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی سێزدەی پوشپەڕی ٩٤یش سێهەمین ڕۆژی کۆنگرەی UNPO کارەکانی خۆی دەست پێکردەوە کە تێیدا بڕیارنامەیەك لەلایەن زۆرینەی دەنگدەرانەوە پەسند کرا.

ئەم بڕیارنامە هەڵگری چەندین خاڵی گرینگ بوو لەوانەش: پشتیوانی کردن لە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانی ئەندام لە UNPO، کۆتایی هێنان بە میلیتاریزە کردنی ئەو ناوچانەی کە نەتەوە ماف پێشێل کراوەکانی ئێرانی تێیدا دەژین، کە لە کۆتاییدا لەلایەن کۆنگرەوە دەنگی ئەرێنی بۆ وەرگیرا.

بەشی دووهەمی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆك و دەستەی بەڕێوەبەری کە تێیدا ناسر بولیدەئی، وتەبێژی حیزبی خەڵکی بەلوچستان، وەك سەرۆکی UNPO هەڵبژێردرا.

هەروەها دوکتور عەلی عەبدیلزادە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ ئەندامی بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوە پاڵێورا بوو بە زۆرینەی دەنگی کۆنگرە وەك ئەندامی بەڕێوەبەری هەڵبژێردرا.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

سیاسەتی شەڕخوازانە لە وڵاتانی جیران، ئێرانی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار لە ناوچەدا ڕاکێشاوە کە ئەنجامەکانی نادیارن. لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، کێشەی ئەتومیی ئێران جارێ بە چارەسەرنەکراوەیی ماوەتەوە و دووردیمەنی چارەسەریی یەکجاریی ئەو قەیرانە جارێ لێڵە. وەك بینیشمان هیلاری کلینتۆن لە دوا لێدوانی خۆیدا سەبارەت بە ئێران دەڵێت «ئەوان پشتیوانی سەرەکی تێرۆریسمن لە ئاستی جیهاندا و لە گروپگەلێك وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە و شەڕ و ناسەقامگیری لە وڵاتانی ناوچەدا کەڵك وەردەگرن. ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ کۆنتڕۆڵی هەندێ لە وڵاتانی ناوچە بە دەستەوە دەگرن و هەروەها مەترسین بۆ سەر بوونی ئیسرائیل». لە بواری نێوخۆیشەوە بێ‌متمانەیی بە وادەکانی ڕووحانی کۆمەڵگای داگرتوە، دابەزینی داهاتی نەوت، سەرچاوەی داهاتی دەسەڵاتی دابەزاندوە و نارەزایەتیی پەنگاوخواردوو لە نێو کۆمەڵگادا هەر جارێ بە شێوەیەك سەر هەڵدەدا. بۆ ڕووحانی و باقی مۆرەکانی دەسەڵاتیش دەرکەوتووە کە کۆمەڵگای ئێران ئێستا زیاتر لە جاران پشتی لە سیاسەتەکانی ڕێژیم کردووە و بە کردەوە نیشانی داوە کە لە هەلێك دەگەڕێ تا لە بەرامبەر دیکتاتۆری‌دا ڕاپەڕێ. بۆیە ترس و دڵەڕاوکێی کاربەدەستان لە ڕاپەڕینی خەڵك ئێستا لە جاران زیاترە و ڕێژیم مەترسی ئەوەی لێ دەکا کە لە کاتی هەر چەشنە ڕاپەڕینێکدا کۆنترۆلی لە دەست دەر بچێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە، چاوەڕوانکراو بوو کە ڕێژیم کات و سات و تەنانەت شوێنی ئەنجامدانی بەشی هەرە زۆری ئێعدامەکان بە شێوەیەك ڕێك بخا کە لە گەڵ بەرنامە نێوخۆییەکانیدا بگونجێ. واتا کوشتنی مرۆڤە دەست بە سەر کراو و بێ دەرەتانەکان، نەك بە هۆی سزا سەپێندراوەکانیانەوە، بەڵکوو بە شێوەیەك ڕێك بخا کە پێش بە داخوازییە کۆمەلایەتییەکان یا بەربڵاوتربوونی ڕاپەڕینی گەلانی وڵات بگرێ. بۆیەش دەبینین کە هەر کات هەرێمە عەرەبییەکانی ئێران داخوازیی مافی نەتەوەیی بەرزتر دەکەنەوە، گیراوانی خووزستان لە سێدارە دەدرێن، ئەگەر بەلووچستان نیشانەیەکی لە خۆڕاگریی خەڵك لە بەرامبەر دیکتاتۆری‌دا نیشاندا، ڕۆڵەکانی گەلی بەلووچ لە نێو دەبرێن. ئێستاش کە کوردستان وەك ڕابردوو شاهێدی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگەیە، ڕێژیم پەتی سێدارەی لە گرتووخانەکانی کوردستاندا هەڵخستووە.

ئەگەر نرخی گەیشتن بە ڕێککەوتن لە سەر بەرنامەی ناوکی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، بێدەنگی لە بەرامبەر جینایەتەکانی ڕێژیم بێ و بەو بێدەنگیەش ئەرێ کردنی سەرکوتی گەلانی ئێران لە لایەن ڕێژیمی تارانەوە بێ، بە دڵنیاییەوە نە هیچ ڕێککەوتنێك ئێران لە بەرنامە زێدەخوازییەکانی پاشگەز دەکاتەوە، نەك ناوچە و جیهان بەرەو ئارامی و ئاسایش دەبا.

## جێب بووش ڕەخنەی لە لێڕوانینی ئۆباما لەهەمبەر ئێران گرت



جێب بووش، فەرمانداری پێشووی فلۆریدا و یەکێك لە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئەمریکا لە حیزبی کۆماریخوازەکان، جارێکی دیکە لە ڕەوتی وتووێژە ناوکییەکانی دەوڵەتی ئۆباما لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕەخنەی گرت. بەڕێز بووش لە وتارێکی درێژدا باسی لەوە کردووە کە دەوڵەتی ئۆباما بە هەموو شێوەیەك ئامادەی سازانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

جێب بووش کوڕ و برای دوو سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا و پێشڕەوی پاڵێوراوەکانی حیزبی کۆماریخواز بۆ بەدەستهێنانی نوێنەرایەتی ئەم حیزبە لە کێبەرکێکانی هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی زایینی، لە وتارێکدا کە لە ماڵپەڕی بڵاوکراوەی پارێزکارەکان «تاون هاڵ» بڵاو کراوەتەوە، ڕایگەیاندووە کە، « لە کاتێکدا کە هەمووان چاوەڕوانی پوانەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بە ئێرانن، دەبێ مەترسیەکی کوشەندەمان وەبیر بێتەوە کە هێرشی غەیرەناوکی ئێران بەرەوڕووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووەتەوە. بەم پێیە بەبێ ستراتژییەکی هەمەلایەنە بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسییە هەمەلایەنەکانی دەوڵەتی ئێران دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەو ڕێککەوتنەی کە خەریکە دێتە ئاراوە تەنیا قازانجی کورتخایەتی بۆ دەوڵەتی ئۆباما دەبێ و بۆ تەناهی درێژخایەنی ئەمریکا قازانجێکی ئەوتۆی نابێ.»

لە درێژەی وتارەکەدا هاتووە کە «حکوومەتی ئێران، تەشەنە دەدات بە ناساقامگیری و دەمارگرژیی تایفەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، هەربۆیە، بیرۆکە و ساوێرێکی پووچەڵ دەبێ ئەگەر وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکا وەها وێنا بکرێت کە تاران دەتوانێ لە ناوچەکە، هێزێك بۆ سەقامگیری بێ.»

بەڕێز بووش هێمای کرد بۆ پشتیوانیی و یارمەتی دارایی و چەك و چۆڵی یەکە شەڕکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە و هەروەها یارمەتی میلشیا شیعەکان لە عێراقدا و وتی کە ئەم هەوڵانە پەرە دەدات بە پەرەسەندنی بارگرژییە تایفییەکان لە نێوان خەڵکی عێراق و ڕاوەدوونانی سوننەکان بەرەو لایەنگری کردنی دەوڵەتی ئیسلامی.

لە بەرەی کۆماریخوازانی ئەمریکادا تەنیا جێب بووش نییە کە ڕەخنەی گرتووە لە چۆنیەتی مامڵە کردن و دانووستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کەسانێکی دیکەش وەك سەناتۆر لیندسی گراهام، ڕێند پۆل، تێد کرووز، مارکۆ ڕوبیۆ و سکات واکێر فەرمانداری ویلایەتی ویسکانس هەر هەموویان هێرشیان کردووەتە سەر سیاسەتەکانی ئۆباما و ڕەخنەیان گرتووە لە شێوازی وتووێژی دەوڵەتی ئۆباما لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا.

# هیجری: هیچ حیزبێک بۆی نیە خۆی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بسەپێنێت



ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆڕێکی سیاسی بۆ «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، چەندین نووسەر و ڕوناکبیری کورد، کەسایەتیی سیاسی سەربەخۆ و کوردانی دانیشتووی کۆڵن و ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لەو شارە بەڕێوەچوو.
سێمینارەکە، بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، دەستی پێکرد.
پاشان، مستەفا هیجری چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و لە دەستپێکی قسەکانیدا، مەبەست لە دوایین سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت وڵاتانی ئاڵمان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکای ڕوون کردەوە.
مستەفا هیجری وتی: «یەکێك لەو شتانەی کە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەت وڵاتانی ١+٥ باسمان لێوە کردووە، پرسی ڕێککەوتنی ناوکی نێوان ئێران و ئەو وڵاتانە و کاریگەریی ئەو ڕێککەوتنە لەسەر گەلانی ئێران بووە.
بەشی کۆتایی قسەکانی مستەفا هیجری، بۆ خەباتی گەلی کورد و هاوکاری و پێوەندی نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان تەرخان کرابوو.
مستەفا هیجری لەو پێوەندییەدا وتی: «هەرچەند گەلی کورد لە مێژە خەبات دەکات و توانیویەتی کۆمەڵێك دەستکەوتی گەورە بەدەست بێنێ، بەو حاڵەش بەداخەوە لە ناو خۆیدا نەیتوانیوە دۆست و دوژمن بە باشی لێك جیاکاتەوە، جاری وابووە هێندێك لایەن بە چاوی دۆستەوە لە دوژمنیان ڕوانیوە و بە چاوی دوژمنیشەوە لە حیزبێکی خەباتکاری کوردییان ڕوانیوە، ئەمەش ڕەوتی خەباتی گەلی کوردی تووشی هەوراز و نشێوی زۆر کردووە.
هیجری بەم شێوەیە درێژەی دا: دوژمن بەباشی توانیویەتی کەڵك لەم جۆرە سیاسەت کردنەی حیزبەکان وەربگرێ و گەلی کوردیش خەساری بەرکەوتووە.
تەنانەت لە سەردانەکانمان بۆ وڵاتانی دەرەوە و هێنانەگۆڕی یارمەتی‌دانیان بە گەلی کورد، ئەوان بە ڕوونی پێمان دەڵێن کە یارمەتیتان دەدەین بەڵام ئەوەشمان لێ دەپرسن کە ئایا ئێمە خۆمان ئەو ئامادەگییەمان هەیە کە بتوانین کەڵك لەو یارمەتیانە وەرگرین و ئایا ئێمە توانیومانە نێوماڵی خۆمان ڕێك بخەین؟».
هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٧٠ ساڵە خەبات دەکات و لە ماوەی ئەو ٧٠ ساڵەشدا زۆری فیداکاری نواندووە و خاوەنی هەزاران شەهیدە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بە تەنیا حیزبی دێموکرات مافی ئەوەی هەبێ کە بریاردەری سەرەکی لە کوردستان بێ، ئەوە بۆ حیزبەکانی دیکەش هەروایە.
سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەدا پێی لەسەر ئەوە دانا: حیزبێك کە خاوەنی هێزێکی زیاترە بە نیسبەت حیزبەکانی ترەوە، ئەوە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە هەوڵی سڕینەوەی لایەنەکانی دیکە بدات و خۆی بە سەر کۆمەڵگای کوردی دا بسەپێنێت.
مستەفا هیجری لەسەر پرسی ڕەوانە کردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بۆ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆکارەکانی وتی: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی و بە تێگەیشتن لەوەی کە هەر پارچەیەکی کوردستان ئەگەر بە شێوازێکی دێموکراتیك وڵاتی خۆی بەڕێوەبەرێ، بێ گومان ئەوە لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان کاریگەری ئەرێنی دادەنێت و هەر ئەوەش وای کرد کە ئێمە ڕەچاوی باشووری کوردستان بکەین و نزیك بە بیست ساڵ لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم واز لە هێندێك لە چالاکییەکانمان بێنین، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هاوکاری کردن دەبێ دوولایەنە بێ، ئەوە ناڕەوایە کە پێمان وابێ لایەنێك هەر دەبێ ببەخشێ و لایەنێکی دیکە بە تەنیا ماف وەرگرێت.

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی ئاکام تەلاج

هاونیشتمانیانی بەڕێز
ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران
بە داخ و پەژارەوە ڕایدەگەیێنین کە ئەمڕۆ دووشەممە ٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕۆڵەی کورد ئاکام تەلاج، خوێندکار و خەڵکی شاری نەغەدە کە لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد بە ناڕەزایەتی بە مەرگی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی بە گوللەی پاسدار و بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە توندی بریندار کرابوو، دوای ماوەی نزیك بە دوو مانگ کە لە نەخۆشخانەی شارەکانی مەهاباد و ورمێ لەگەڵ مەرگ بەربەرەکانێی دەکرد و لە ژێر چارەسەریی پزیشکیدا بوو، بە هۆی قووڵی برینەکانی گیانی بەخت کرد و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە.
شەهیدبوونی ئاکام تەلاج لە حاڵێکدایە کە هێشتا برینی سەر جەستەی کورد بە شەهیدکرانی یەکێکی‌تر لە ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان، مەنسوور ئاروەند چالاکی سیاسی کە لە ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە سێدارەدرا ساڕێژ نەبووە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارە بۆ لەدەستچوونی ئەو لاوە خوێندکارەی کورد، سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی بنەماڵەی بەڕێزی تەلاج و هەموو دۆستان و ئاشنایانی دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.
شەهید ئاکام، شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کورد و خەبات دژی زۆرداری و دیکتاتۆرییەتە و دڵنیاین کە خەڵکی کوردستان بە ڕێبازی ئەو شەهیدانە وەفادار دەمێننەوە و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا تێ دەکۆشن.
ڕۆحی ئاکام شاد و ڕێگای سەرکەوتنی پڕ ڕێبوار بێت

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت
٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی

# UNPO بە فەرمی پشتیوانی لەخەباتی نەتەوەی کورد لە کورستانی ئێران کرد

لە دووهەمین ڕۆژی کاریی ١٢یەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کە تێیدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی لوقمان ئەحمەدی، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکرات بەشدار بوو، بڕیارنامەیەك بە کۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرەکە کە تایبەت بە دۆخی کوردستانی ئێران بوو پەسند کراوە.
بڕیارنامە لەسەر کوردستانی ئێران
لەم چەند ساڵەدا هەلومەرجی سیاسی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ئاسایش لە ئێران زۆر نالەبار بووە، بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوانە کە بندەستن وەك نموونە لەم پێوەندییەدا زیادبوونی ئێعدامەکان و ئەو چەوساندنەوە و ستەمە کە بەرەوڕووی نەتەوە بندەستەکان دەبێتەوە.
بەپێی ڕاپۆرتی چەندین ڕێکخراوی جیاوازی مافی مرۆڤ لانیکەم ٧٥٠ کەس لەساڵی ٢٠١٤ ئێعدام کراون، کە بە پێی بەراورد کردن لەگەڵ ساڵی ٢٠١٣ی زاینیدا، لەسەدا ١٠ زیادی کردووە. لە مانگی ژانویەی ساڵی ٢٠١٥ی زایینیەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٤٠ کەس ئێعدام کراون.
بە پێی ئاماری نافەرمی ڕێژەی ئێعدامەکان لەو ڕێژەیە (کە لە سەرەوە باس کرا) زیاترە.
لەم پێوەندییەدا بەشێکی بەرچاو لەو کەسانە کە ئێعدام کراون کوردن. ئێعدام کردنی زیندانیی سیاسیی کورد مەنسوور ئاروەند لە ڕێکەوتی ٢٤ی جوزەردان ساڵی ١٣٩٤ی زایینی لە زیندانی ناوەندی میاندواو یەکێك لەدوایین نموونەکانی سیاسەتە دڕندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە.
پرسێکی دیکە کە سرنجی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە مەرگی کچێکی کورد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی بوو، فەریناز خوسرەوانی، کارمەندی هۆتێل تارا، خۆی لە نهۆمی چوارەمی هۆتێل تارا فڕێ دابووە خوارەوە بۆ ئەوەی لەژێر دەستی کاربەدەستێکی ئێران، کە هەوڵی دابوو دەستدرێژی بکاتە سەری، ئازادی بێت.
هەروەها، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیمی ئێران هێزێکی نیزامی زۆری لە کوردستانی ئێران و ناوچە سنوورییەکان کۆکردوەتەوە و سیاسەتی میلیتاریزەکردنی کوردستان و هەرێمی نەتەوە بندەستەکانی دیکە زیادی کردووە، هەروەها جگە لە بەردەوام بوونی میلیتاریزەکردن، چەوساندنەوە و ستەم لە کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، پێشێلکاری مافی مرۆڤ، ئەشکەنجە و دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان زیادی کردووە.
میلیتاریزەکردنی کوردستان، ئێعدام و چەوساندنەوەی خەڵك ستراتیژی بنەڕەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە بۆ بێدەنگ کردنی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە خەباتە ڕەواکەیان بۆ وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی، دێموکراسی و یەکسانی لەبواری زمان، فەرهەنگ و مافی سیاسی.
هەر بۆیە، ئێمە کۆنگرەی UNPO
- پشتیوانی بەردەوامی خۆمان بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەردەبڕین بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس، دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوایەتی.
- بە توندترین شێوە ڕێژیمی ئێران مەحکووم دەکەین بۆ ئێعدام کردنی زیندانییە سیاسییەکانی کورد و چالاکانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەوانان و زیندانیانی دیکە.
- داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەین کە هەر ئێستا هەموو ئێعدامەکان ڕابگرێ و پابەند بێت بە یاسا نێونەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ زیندانیانی سیاسی.
- نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین لەسەر پێشێلکاری مافی مرۆڤی نەتەوە بندەستەکان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە.
- داوا لە ڕێژیمی ئێران دەکەین کە میلیتاریزەکردنی کوردستان و هەرێمەکانی دیکەی نەتەوە بندەستەکان ڕابگرێ و ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی ئێران و عێراق بۆمباران نەکات.
- نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین لەسەر هەلومەرجی زیندانیانی سیاسی کورد، کە بە شێوەی نادادپەروەرانە و لە دەرەوەی چوارچێوە یاساییەکان مەحکووم دەکرێن بە ئێعدام و زیندانی درێژماوە، هەروەها نیگەرانی خۆمان لە دەستبەسەر کردنی چالاکانی سیاسی، نووسەران، ڕۆژنامەوانان، چالاکانی کرێکاری و مافی مرۆڤ دەردەبڕین.

# نوێنەری حیزبی دێموکرات وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی UNPO هەڵبژێردرا




سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، سێهەمین ڕۆژی کۆنگرەی ڕێکخراوی UNPO دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.
بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر بڕیارنامەی گشتیی کۆنگرە کە لەلایەن لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی UNPO وە ئامادەکرابوو و دوای تاوتوێکردن، بڕیارنامەکە بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.
ئەو بڕیارنامەیە چەندین خاڵی تایبەتی لەخۆ گرتبوو،»پشتیوانی کردن لەمافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئەندام لەڕێکخراوی UNPO، هەروەها کشاندنەوەی هێزە داگیرکەرەکان لەخاکی نەتەوەکانی ئەندامی ئەو کۆنگرەیە و کۆتایی هێنان بە میلیتاریزەکردنی ناوچەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران» لەو خاڵانە بوون کە دەنگی لەسەر دراوە.
بەشی دووهەمی کۆنگرەکە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و دەستەی بەڕێوەبەریی کە تێیدا ناسر بولیدەیی، وتەبێژی حیزبی خەڵکی بەلووچستان، وەك سەرۆکی ڕێکخراوی UNPO هەڵبژێردرا.
هەروەها لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، «د. عەلی عەبدیلزادە» بۆ دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی UNPO کاندید کرا و نوێنەری حیزب دەنگی ئەندامانی کۆنگرەی بۆ ئەو پۆستە بەدەست هێنا.

# نوێنەری حیزبی دێموکرات لە پارلمانی ئۆرووپا: پێشمەرگە بە هەموو شێوەیەک پارێزگاریی لە نەتەوەی کورد دەکات

ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، ١٢ـەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی UNPO، بە بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی لوقمان ئەحمەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات، لە پارلمانی ئۆرووپا دەستی بەکار کرد.
ئەو کۆنگرەیە لەلایەن فراکسیۆنی بەرەی ئازادی ئورووپا لە پارلمانی ئەورووپا و ڕێکخراوی UNPO ڕێکخرابوو و لە یەکەمین ڕۆژی کۆنگرەی ڕێکخراوی UNPO، سێمینارێك لە پارلمانی ئورووپا لەسەر پرسی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی جیهان بەڕێوەچوو.
باسەکانی ئەم سێمینارە تەرخان کرابوو بۆ باس و تاوتوێکردنی پرسی دێموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین.

# ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی خوێندکاران بە بۆنەی شەهیدبوونی خوێندکاری کورد ئاکام تەلاج

خوێندکارانی دەروەستی کورد
خەباتکارانی مەتەرێزی زانکۆ
بە داخەوە بە دوای ٥٣ ڕۆژ بەربەرەکانێ و خۆڕاگری لە گەڵ مەرگی ناوەختدا، دوێنێ ٨ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی خوێندکاری کورد ئاکام تەلاج کە لە ئەنجامی هێرشی دڕندانەی هێزە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خۆپێشاندەرانی شاری مەهابادا بریندار کرابوو، زامی برینێکی دیکە لە جەستەی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی زیاد بوو.
شەهید ئاکام تەلاج نموونەی خوێندکارانی دەروەستی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بوو کە بە هەست کردن بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی وەکوو هەموو هاوسەنگەرانی لە مەتەرێزی زانیاری بۆ ڕزگاریدا، لە دژی ڕەوتی سەرکوت و دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئازادی و کەرامەتی گەلەکەی سەرهەڵدا و بە بەشدار بوونی لەو خۆپێشاندانەدا کە بۆ شەرمەزارکردنی مەرگی کچی کورد فەریناز خوسرەوانی لە شاری مهاباد و زۆری دیکە کە کچانی بێ تاوانی کورد لە شارەکانی دیکەی کوردستان کە تەنیا بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆیان ڕۆژانە تووشی تراژدیای مەرگ دێن ڕێکخرابوو، دەریخست کە خوێندکاران و بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی پشتیوانانی هەمیشەیی دۆزی ڕەوای گەلەکەیانن و لە پێناو پاراستنی کەرامەتی خەڵکی کورددا ئامادەی دانی هەموو بەهایەکن.
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دووپات کردنەوەی پشتیوانیی خۆی لە خەباتی مافخوازیی گەلی کورد و بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستانی ئێران، هێرشی بێ بەزەییانەی هێزەکانی ئەولەکاری و نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر نارازیانی پێشێلکاریی مافە مرۆییەکان لە ئێران و کوردستاندا شەرمەزاردەکات و سەرەخۆشیی خۆی پێشکەش بە گەلی کوردستان، خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد، بنەماڵەی سەربەرزی شەهید ئاکام و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەکات.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەستەی بەڕێوەبەری
٩ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی

## بەڕێوەچوونی کۆمەڵە چالاکیەک بەبۆنەی ساڵڤەگەڕی شیمیایی سەردەشت

بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ٢٨ـەمین ساڵیادی قوربانیانی شیمیابارانی سەردەشت، ژمارەیەك لە ڕێکخراو و کەمپەینە مەدەنی و خوێندکارییەکان کۆمەڵە چالاکییەکیان بەڕێوە برد.

ڕێکخستنی «کەمپەینی سەردەشت بە کاتی پووشپەڕ» لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی بەجیهانی کردنی ئەم کارەساتە، بڵاو کردنەوەی پەیامی چالاکانی مەدەنیی سەردەشت لەم پەیوەندییەدا کە «سەردەشت وەك شاری ئاشتی بناسێندرێت» و شۆردنی مەیدانێکی شاری سەردەشت لەلایەن چالاکانی مەدەنییەوە لەو کۆمەڵە چالاکیانەن کە لە بەرەبەری ساڵڤەگەڕی بوردمانی شیمیایی سەردەشت بەڕێوەچوون.

هەروەها لەو پێوەندییەدا، ١١٣ کەس لە پارێزەرانی دادگوستەری لە ئێران بۆ ناساندنی شاری سەردەشت وەکوو «شاری ئاشتی» نامەیەکیان بۆ حەسەن ڕۆحانی ناردووە.

بەڕێوەچوونی پێشانگای نیگارکێشی، تۆمارکردنی ڕێکوردی تەك چەرخ لەلایەن دووچەرخەسوارێکی کوردەوە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی لە مەریوانەوە بۆ سەردەشت لەلایەن دووچەرخەسوارانی کوردەوە، کۆمەڵێکی دیکەی چالاکین کە لەو پێوەندیەدا بەڕێوەچوون.

بەهۆی بوردومانی شیمیایی شاری سەردەشت کە ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی حکوومەتی بەعسی عێراقەوە ڕوویدا لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگ پاش ئەو هێرشە شیمیاییە، ١٤٠ کەس گیانیان لەدەست دا.

زیاتر لە ٨ هەزار بەرکەوتوو و کەمئەندامی شیمیاییبارانی شاری سەردەشت هەن و تەنیا ناوی ١٥٠ کەس لەلایەن ناوەندە پەیوەندییدارەکانی ڕێژیمەوە وەکوو بەرکەوتووی شیمیایی تۆمار کراون.

هەنووکە ٢ هەزار و ٢٠٠ قوربانی شیمیایی لەم شارە دانیشتوون و پێویستییان بە پێڕاگەیشتنی پزیشکی هەیە.

## بەشێکی بەرچاو لە چیای ئاویەر لەئاگردا سووتا

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، کەس یان کەسانێکی نەناسراو ئاگرییان لەچیای ئاویەر بەردا و لە ئەنجامدا ڕووبەرێکی زۆر لە لێڕەوار و دارستانەکانی ئاویەر لە ئاگردا سووتان.

بە پێی سەرچاوەکانی ئاگادار لەو ڕووداوە ئەو ئاگرە لە چوار لاوە لە ئاویەر بەردراوە.

سەیرانگای «گوێزەکوێر» یەکێك لە شوێنە دڵڕفێن و گەشتیارییەکان بووە کە خەسارێکی زۆری ژینگەیی پێگەیشتووە.

هاووڵاتییانی شاری سنە گومانیان لەو ئاگرکەوتنەوەیە هەیە و باوەڕیان وایە کە ئەو ئاگرە بە ئەنقەست و ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە ئەنجام درابێت.

هەروەها هاووڵاتیان لەو بڕوایەدان، «ئاگردانی دارستانەکان بە ئەنقەست ڕوو دەدات و مەبەستیش لەو کارەی سپای پاسداران ئەوەیە کە حەشارگەی دژبەرەکانیان لە نێو ببات و بە ئاسانی بتوانێ کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات».

ئاگر کەوتنەوەکەی ئاویەر بە هاوکاریی هاووڵاتییان و لاوانی ژینگە پارێزی پارێزگای سنە، کۆنترۆڵ کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پارێزگایە بە دارستان و ناوچەی سروشتی داپۆشراوە بەڵام لە بوونی هێلی کۆپتێر بۆ ڕووداوی لەو چەشنە بێبەرییە.

لەلایەکی دیکەوە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لێڕەوارەکانی شاری سەردەشتیش کە بریتی بوون لە دارستانەکانی ناوچەی «شێخ برایم بادام»، دارستانەکانی پشتی «پۆمپی بێنزین» و دارستانەکانی دەورووبەری «کەچەڵ ئاوا» ئاگرییان گرتبوو.

چەند ڕۆژ پێش ئێستاش، ٨ هێکتار لە دارستانەکانی «مەجەسە و بلوە»ی شاری بانە، تووشی ئاگرکەوتنەوە بوون و پاش چەندین کاتژمێر توانرابوو ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت.

دەوترێ ئەو ئاگرکەوتنەوەییە خەسارێکی بەرچاوی بە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە گەیاندووە و بە هەوڵی ئەندامانی ئەنجومەنی پاژن لە شاری بانە کونترۆڵ کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتێك کە پێشتر لەلایەن چالاکانی ژینگەپارێزییەوە بڵاو بووەتەوە نزیکەی لەسەدا ٢٠ی دارستانەکانی داربەڕووی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئاگرکەوتنەوە بۆ هەمیشە توانای ڕوانەوەیان لە دەست داوە.

ساڵانە پانتایی‌یەکی زۆر لە دارستان و لەوەڕگەکانی پارێزگاکانی کوردستان و بە تایبەت ناوچە سنوورییەکان ئاگریان تێبەر دەدرێت و بەرپرسانی ڕێژیم هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە هەڵناگرن.

## کوردستانی ئێران لە ٣ مانگدا/ ٣٧ حاڵەت پێشێلکاریی مافی ژنان لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە

مالپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاپۆرتێکی ئاماری ـ شیکاریدا حاڵەتەکانی پێشێلکاریی مافی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کە ٣٧ دەستبەسەرکران، سەپاندنی حوکمی زیندان، بانگهێشت کردن بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان، بانگهێشت بۆ حەراسەتی زانکۆکان، دەرکرانی چالاکانیی مەزهەبیی ژن لە سەر کار، کوژران و بریندارکران بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، گیان لەدەستدانی ژنانی کرێکار و گیان لەدەستدان بەهۆی کەمتەرخەمیی پزیشکی کۆمەڵێك لەو پێشێلکارییە سیستماتیکانەن کە لەلایەن ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیەوە بە نیسبەت ژنانی کورد ڕوو دەدەن.

ئامارە بڵاوکراوەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لەوە دەکەن کە لە ماوەی ٣ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، حاڵەت ڕاگەیەندراون، خستووەتەڕوو.

بەپێی ئەو ئامارانە لە ماوەی ٣ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ٦ ژنی کورد لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیەوە دەستبەسەر کراون و هەروەها لەو ماوەیەدا ٢ ژنی دیکەش لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

بانگهێشتی کچە خوێندکارانی کورد لەلایەن حەراسەتی زانکۆکانەوە، بە ١٧ حاڵەت، بەشێکی بەرچاوی پێشێلکاریەکانی مافی ژنانی کوردی لە وەرزی بەهاردا لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ خۆی تەرخان کردووە.

ژنێکی دیکەی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە بانگهێشت کراوە.

ئەو ئامارانە هەروەها دەری دەخەن کە لەو ماوەیەدا، کەمتەرخەمیی پزیشکی گیانلەدەستدانی ٤ ژنی کوردی لێ کەوتووەتەوە.

هەر لەو ماوەیەدا ٣ ژنی دیکەی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان و تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی سەردەمی شەڕ کوژراو و بریندار بوون.

ئامارەکانی پێشێلکاریی مافی ژنان هەروەها باس لە دەرکرانی ٢ چالاکی مەزهەبی ژن لە سەر کار و گیانلەدەستدانی دوو کرێکاری ژن بە هۆی ڕووداوی کارەوە، دەکەن.

## ئەگەری هەڵوەشانەوەی حوکمی سامان نەسیم لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە

بەپێی وتەی « خالدی» پارێزەری سامان نەسیم چارەنووسی ئەم زیندانیە سیاسیەی کورد کە چەند مانگە لە ناروونی دایە ، لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

«خالدی» بە بنەماڵەی سامان نەسیمی وتووە کە حوکمی لەسێدارەدانی کوڕەکەیان هەڵوەشاوەتەوە و ئەوان دەتوانن ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، لەگەڵ سامان نەسیم چاوپێکەوتنیان هەبێت.

موختار نەسیم وتوویەتی: لە کۆتایی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا کە سامانیان لەگەڵ هاوبەندییەکانی لە زیندانی ورمێ جیا کردووەتەوە ئێمە هیچ هەواڵێکمان لەسەر نەبووە و بەدواداچوونی بەردەوامی ئێمە بێ ئاکام ماوەتەوە، بەڵام ماوەی ١٠ ڕۆژ پێش ئێستا لەرێگەی پاریزەری نوێی سامانەوە ئاگادار کراینەوە کە حوکمی لەسێدارەدانی ناوبراو لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە هەڵوەشاوەتەوە و توانیویەتی سامان ببینێت.

ناوبراو لە پووشپەڕی ١٣٩٠ و لەکاتێکدا کە ١٧ ساڵ تەمەنی بوو لە سنووری سەردەشت دەستگیر کرا و بۆ ماوەی دوو مانگ لە گرتنگەی حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێدا بوو و پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆ زیندانی مەهاباد ڕاگوێزرا.

ئەم هاووڵاتییە کوردە لەئەنجامدا بە تۆمەتی «موحاربە لە ڕێگەی ئەندامەتی لە یەکێك لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران» لەلایەن دادگای ئینقلابی مەهابادەوە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا و ئەو حوکمە لەلایەن دادگای پێداچوونەوی ورمێ و لقی ٣٢ی دیوانی بەرزی وڵات، وەك خۆی پشتڕاست کرایەوە.

«سامان نەسیم» لە زیندانیانی زیندانی ورمێ بوو کە لەگەڵ ٢٩ زیندانیی سیاسیی دیکە، لە ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، لە نارەزایەتی دەربڕین بە جیاکردنەوەی بەندی زیندانییانی سیاسی، دەستیان دایە مانگرتن و ئەو مانگرتنە پاش ٣٣ ڕۆژ کۆتایی پێهات.

سامان نەسیم، ڕێکەوتی ٣٠ ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، وێڕای ٥ زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بە ناوەکانی «یوونس ئاقایان، حەبیبوڵا ئەفشاری، عەلی ئەفشاری، سیروان نژاوی و ئیبراهیم عیساپوور، لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە بۆ ژووری تاکەکەسیی زیندانی ورمێ ڕاگوێزران و دواتر هەواڵی لەسێدارەدانی عەلی و حەبیبوڵا ئەفشاری بڵاو کرایەوە بەڵام هیچ زانیارییەك لە چارەنووسی زیندانییانی سیاسی دیکە بڵاو نەبووەوە.

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٦ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، محەممەد ئیسماعیلی ناسراو بە حەمە چکۆل خەڵکی نۆدشەی سەر بە شاری نەوسوود لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بە هۆی جەڵتەی دڵەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی هەورامانداا بە خاك سپێردرا.

حەمە چکۆل لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوییەوە وەکوو ئەندامی حیزبی دێموکرات چالاکی کردووە و پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە و لە هێزی شاهۆ سازمان درا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کاك محەممەد و کەس و کاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی دایکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە مەهاباد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕ کلسوم پیرۆتی دێبوکری لەشاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە خانەقای شەمسی بورهان بە خاك سپێردراوە.

خاتوو کلسوم دایکی شەهیدان ئەمیر و مستەفای شەمسەدینی بوو کە لە هێزی بەیانی حیزبی دێموکراتدا خەباتیان دەکرد.

هاوسەری کلسوم پیرۆتی دێبوکری بەناوی شێخ خالید شەمسەدینی فەرماندەی هێزی بەیان بوو کە دواتر کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لەبنەماڵەی خاتوو کلسوم پیرۆتی و خەڵکی ناوچەی مەهاباد دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## دەستەی نوێنەرایەتی حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد

بە پێ ڕاپورتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی چوارشەممە ١٠پووشپەڕی ١٣٩٤ هەتاوی، بە بۆنەی نۆیەمین ساڵڕۆژی زیندانی بوونی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی کورد بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی بە دەوڵەتی فینلاند، دەستەی نوێنەرایەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی بەشی مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی فینلەندیان کرد.

لەو دیدارەدا دوکتۆر «نینا نۆردستروم» بەرپرسی بەشی مافی مرۆڤ وەزارەتی دەرەوە، «یانینا هاسێنسۆن» جێگری بەرپرسی گشتی بەشی مافی مرۆڤ و «ئانماری فرۆبێرگ» ڕاوێژکاری سیاسی مافی مرۆڤ و هەروەها «شنە ڕەزابی» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ولاتی فینلاند بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

لەو دیدارەدا دەستەی نوینەرایەتی وێڕای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێکی پوخت لە سەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، وەرگێڕاوی ئەو یاسایانەی کۆماری ئیسلامی کە بەو پێیە چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەستبەسەر، زیندانی و ئێعدام دەکرێن، نامیلکەیەکیان لە سەر سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی و پرسی کورد لە ئێران، پێشکەشی نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی فینلاند کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکاری مافی مرۆڤ، دەستەی نوێنەرایەتی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوانامەیەکیان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوە کرد کە دەوڵەتی فینلاند لە ڕێگای پێوەندییە دیپلۆماسی دوولایەنە و لە ڕێگای پێوەندیەکانی ئەنجوومەنی ئورووپاوە ئێران ناچار بکەن، دەست لە سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد هەڵبگرێت.

هەروەها لە وڵاتی فینلاند داواکرا کە بە لەبەرچاوگرتنی دۆکتورینی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لە مەڕ پاراستنی مافی مرۆڤ، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئازادکردنی محەمەدسەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وەگەڕ بخەن.

دەستەی نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ کارو چالاکی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی فینلاند لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ لە ئێراندا شیکردنەوەیان دا و باسیان لەوە کرد کە دەوڵەتی فینلاند بە بایەخەوە بە پرسەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی سەرنج دەدات.

دیدارەکە دوای هێنانە بەرباسی هێندێک پێشنیاری کردەوەیی بۆ هاوکاریەکانی داهاتوو کۆتایی پێهات

## دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی یەکشەممە ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە حەلیمە برووجێردی، کچی سادق و لە دایکبووی گوندی قەیلەسوون و دانیشتووی شارۆچکەی ساحیب بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دایە حەلیمە، دایکی هیوا میرزایی، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتییەکی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە، هاودەردی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری دایە حەلیمە و بە تایبەت هیوا میرزایی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ڕادەگەینێت و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی یەکی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، حەسەن بەیگی، ناسراو بە حەسەن کەتان لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی هەوشار بە خاك سپێردرا.

حەسەن کەتان ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی و پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە ئەندامی نهێنیی حیزب و بەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە ، وەکوو ئەندامێکی هەڵسووڕ و چالاك ئەرکە دیاریکراوەکانی جێبەجێ دەکرد.

حەسەن کەتان، خەڵکی گوندی قۆزڵوو سەر بە ناوچەی هەوشار بوو و لە کۆمیتە شارستانی هەوشار چالاکی دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە، سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی حەسەن کەتان و هەروەها دۆستان و ئاشنایانی دەکات و خۆی لە خەمی لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەدا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# وتووێژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ

ئیبراهیم قاسمیزاد

و: هیوا میرزایی

٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، کەسایەتی کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە لەقی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی شاری ڤییەن لە ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دەستی نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی تیرۆر و شەهید کران. دوکتور قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤەکان بۆ چارەسەری هەر جۆرە گرفت و ئاریشەیەك دەتوانن لە دەور مێزێك کۆببنەوە و بە وتووێژ و دیالۆگ ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەری ئاریشە سیاسییەکان بدۆزنەوە و بە لێوردبوونەوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ گرفتە سیاسییەکان بدۆزنەوە.

دوکتور قاسملوو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە زۆری هەوڵدا کە خواستەکانی خەڵکی کورد بگەیێنێتە گوێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی نوێی ئێران و پرسی کورد کە لە سەردەمی شاوە بە بێ چارەسەری مابوویەوە، لە ڕێگەی وتووێژ و شێوازە ئاشتیخوازانەکان چارەسەر بکا. خومەینی بە بیانووی ئەوەیکە هەموو «موسڵمانین و لە ئیسلامدا هەموو پێکەوە بەرانبەرین» وەڵامی نەرێنی بەم خواستانە داو بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی ئایین دەستی کرد بە سەرکوتی هەموو ڕەنگە دژبەرەکان و خواستەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران. دوای چەند مانگ وتووێژ، پێداگری و جەختی کوردەکان لە سەر داواکاریەکانیان، خەڵکی کوردستان بە پێی خووی دژە زوڵم و قەبووڵ نەکردنی ستەم، ملیان نەدا بە گوشار و زۆرەملییەکانی ئاخوندەکان و بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەیان کرد، و ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ڕق و تووڕەیی دوو هێندەی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەریی خومەینی. دوای ئەم کارە خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ حوکمی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بەمشێوەیە شەڕێکی هەمەلایەنەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند.

لەوێڕا کە لە فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بێجگە لە هەڵێنجانی تایبەتی ئاخوندەکان لە دینی ئیسلام، ئایینی شیعە و زمانی فارسی، پێگەیەك بۆ باوەڕەکانی دیکە، ڕەنگ و نەتەوەکانی دیکە بوونی نەبووە و نییە، بۆیە دەسەڵاتداران لە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێك بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو بە جیددی دەترسان. قاسملوو بە کەسایەتی و ڕیبەرییەکی کاریزماتیك و بە تێڕوانینی پێشکەوتووانە و زانستیانەوە بە پرسگەلێك وەك دێموکراسی، مافی مرۆڤ، پرسی نەتەوەیی و پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها بە پێداگری لەسەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات لە بوارە سیاسی و ئابوورییەکان، کۆماری ئیسلامی بە پێکۆڵ کێشا. زیاد لەمانەیش پێوەندی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دونیای دەرەوە، تواناکانی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووە لە جیهانی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسی و داکۆکی لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەو هۆکارانە بوون کە قاسملووی کردبووە مەترسییەکی جیددی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

قاسملوو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی بەتەواو مانا بوو و چاوەڕێ نەدەما کە هەلومەرج بۆ خەبات و مافویستی بێتەگۆڕێ، بەڵکوو ئەو خۆی هەلومەرجی دەهێنا گۆڕێ و لەو بڕوایەدا بوو کە تەنیا کۆمەڵگایەکی شۆڕشگێڕی زیندوو بە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و بە بەرنامە دەتوانێ وڵات لە چنگی ئیسلامییە توندئاژۆ و دواکەتووەکان ڕزگار بکا. ئەم تایبەتمەندیانەی دوکتور قاسملوو بووە هۆی دژایەتی هەرچی زیاتری ڕێژیم لەگەڵ ئەو، تا ئەو جێگایەی کە بڕیاری شەهیدکردن و لە سەر ڕێگە لابردنی ئەم کەسایەتییە مەزنە لە لایەن دەسڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرکرا.

توندوتیژی و تیرۆر بەشێك لە چیەتی جیانەکراوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هیچکات دەسبەرداری ئەو نابێ. ئاشتیخوازی بە ڕواڵەت و وتووێژ بۆ چارەسەری پرسە جۆراوجۆرەکانیش لە فرت و فێلەکانی دیکەی ڕێژیمە بۆ زەبرلێدان بە لایەنی بەرانبەر و یان وەرگرتنی پوان و ئەم خۆبەدرۆ نیشاندانە لە زۆریەك لە پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوخۆیی و دەرەوە وەکوو پرسی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و پرسی ناوکی لە دەرەوە بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. ڕێژیم بۆ لەسەر ڕێگە لابردنی دوکتور قاسملوویش هەر لەم سیاسەتە کەڵکی وەرگرت و بە فرت و فێڵ توانی بە ئامانجە دژەمرۆییەکانی خۆی بگا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم هەنگاوە ناجوامێرانە و دژەمرۆییە هیچکات نەیتوانی درێژەدەرانی ڕێگای ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووە لە گەیشتن بە ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێبازەکانی ئەم مرۆڤە مەزنەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو دڵسارد بکاتەوە. لەبەر ئەوەیکە ڕێبوارانی ڕێگەی قاسملوو ئەم ڕاستییانەیان لەبەرچاوە کە بەرنامە وهەوڵی قاسملوو بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران و ڕزگارکرنی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەرمان و هەتاهەتاییە. لەبەر ئەوەیکە کەلتووری سیاسی ئەو بوو کە نیشتمانەکەی بکاتە گۆڕەپانێك بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران، کاتێ کە ڕێژیم هەلومەرجی بۆ ئەوان دژوار کردووە.

ئەمساڵ ٢٦ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملوو تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا بکەرانی ئەم جینایەتە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوون لەبەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان لەگەڵ ئێران بە سزای کردەوەکەیان نەگەیشتوون. تەنانەت جینایەتکارانێك وەك سەحراڕوودی ئازادانە هاتوو و چووی وڵاتانی جیهان دەکا.

ئەمڕۆکە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی جیهانی و هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە قوتابی ڕێبازی ئەم بیرمەندە مەزن و خەباتکارە ڕاستەقینەیەی ڕێگەی ئازادی و ئیلهام بەخشی ڕێگەی مرۆڤە ڕزگاریخوازەکان دەزانن، لە کوردستانییەوە بگرە تا ئێرانی هەوڵ بدەن تاکوو بکەرانی گەلاڵەی تیرۆر و بکوژانی پێغەمبەری ئاشتی هەرچی زیاتر ڕیسوا بکەن و لە دادگایەکی نێونەتەوەیی دادگاییان بکەن. تاکوو خوێنی بە ناحەق ڕژاوی دوکتور قاسملوو و هەزاران شەهیدی ڕێگەی ئازادی بەفیڕۆ نەچێ.




# کارەساتی ٧ی پووشپەڕی شاری سەردەشت

## (٧ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەی سەردەشت هەناسەی بۆ نەدرا)

ئازاد سەنایی

شەڕ بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ نییە، بەڵکو پەیوەندی حکومەت لەگەڵ حکومەتە، کە لەم پەیوەندیەدا تاکەکانی مرۆڤ بە شێوازێکی هەرەمەکی بوون بە دوژمنی یەکتر و ئەوە، نە وەکو دوو مرۆڤ بەڵکو وەکو دوو هاووڵاتی، نە وەکوو تاکی یەك وەڵات، بەڵکو وەك بەرگریکارن. (شارل ڕۆسۆ).

١٨ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ڕێژیمی بەعسی لەنێوچووی سەددام، نێو شار و دوو گوندی «ڕەش هەرمێ» و «دەشتی کەپران» لە نزیك شاری سەردەشتیان کیمیاباران کرد. بە سەدان هاووڵاتیی سڤیل گیانیان لە دەست دا، هەزارانی دیکە بە سەختی بریندار بوون کە ئێستاش زامەکانیان سارێژ نەکراون، ئاسەواری چەکی کیمیایی لەسەر جەستەیان ماوەتەوە. مردن و ئازار و تلانەوە بە دەست شوێنەوارەکانی ئەم کیمیابارانە بەرۆکی خەڵکی شاری سەردەشتی بەر نەداوە. بەردەوام ساڵانە چەند کەس لە برینداران گیانیان لە دەست ئەدەن. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕە ئێرانییەکان و ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا کەمتر لە ٥٪ ی ئەو قوربانیانە لە لایەن ڕژیمی کوماری ئیسلامیەوە وەك کەم ئەندامی هێرشی کیمیایی دانیان پێدانراوە و هەشت هەزار قوربانیی ئەو کارەساتە، لە لایەن کوماری ئیسلامیەوە بە تەواوی پشتگوێ خراون و بە دوور لە هیوا ژیان بە سەر دەبەن.



ئەمڕۆکە دوای ١٨ ساڵ ئەو تاوانە نامرۆڤانە دژ بە خەڵکی سڤیل هێشتا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەفەرمی نەناسراوە و برینداڕانی ئەم کۆمەڵکوژییە لە ئێش و ئازار دان و چارەسەری پێویستیان بۆ ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگی ڕێکخراوە و حیزبەکان و دامەزراوە جیهانییەکان لە ئاست ئەم کارەساتە جێگای نیگەرانییە و تا ئێستاش بۆ کردنەوەی دۆسیەیەك لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە مەبەستی دانپێدانان بەو کۆمەڵکوژیە هەوڵێکی جیددی بۆ نەدراوە.

وێڕای ئەوەی کە شاری سەردەشت بە هۆی ئەو کارەساتە گەورەی کە بە سەری هاتووە و پێویستی بە ئاوڕدانەوەی تایبەت لە گشت بوارەکاندا هەیە، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پشت گوێ خراوە، تەنانەت لە ساڵڕۆژی یادکردنەوەی ئەو کارەساتەدا کاربەدستانی ڕێژیم ڕێگر دەبن لە بەشداری خەڵکانی دەوربەری شارەکە و یا بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دەربڕینی هاوخەمی و هاوکاری کردنیان.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی شاری سەردەشت و هیوای کەم بوونەوەی ئازار و مەینەتەکانی کەم ئەندام و بەرکەوتووانی ئەو کارەساتە.

# بەرەو ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات

## بڕگەیەکی چارەنووس ساز لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا

عەبدوڵڵا حیجاب

دانـــی بڕیاری چارەنووســـاز لە هەلومەرجـــی ئەســـتەمدا، بوێری و بەرچاوڕوونییەکی دەوێ کە ئەستەمە هەموو بڕیاربەدەستەکان هەیانبێ یا لەگەڵی بن. بۆیە لە وەها ســـاتێکدا، ئـــەو کەســـایەتییانەی کـــە مێژوو دروست دەکەن، لانیکەم لەگەڵ سێ گرفت بەرەوڕوون: یەکەمیان گرفتی لێکدانـــەوەی هەلومـــەرج و دیتنی دوورەدیمەنێکـــی نادیـــارە تا بڕیاری دروستی لە ســـەر بدەن؛ دووهەمیان تێگەیانـــدن و قەناعەت پێهێنانی ئەو هاوڕێز و هاوبیرانەیەی کە دەبێ هەم لە دانی بڕیاردا و هەم لە بەڕێوەبردن و جێبەجـــێ کردنیـــدا بەشـــدار بن؛ ســـێهەم خۆبواردن لـــە هاڕووژاندنی دژکردەوەی ڕووخێنەری لایەنێک یا ئـــەو لایەنانەی کە بەرژەوەندییان لەو بڕیارەدا هەیە.

ئەو دیاردەیە لە ســـەردەمی پڕ لە کێشـــە و قەیرانی مێـــژووی حیزبی دێموکـــرات لـــە ســـاڵانی بـــەر لە کۆنفرانســـی ٣دا لـــە هەموو کەس زیاتر بەرۆکی دوکتور قاســـملووی گرتبـــوو. چونکە قاســـملوو وەکوو ڕووناکبیرێکـــی پێشـــەنگ و کەســـایەتیی هەرە پێشەوەی حیزبی دێموکرات بڕیار بوو کە بەرنامەیەکی نوێ بۆ حیزب دابڕێژێ، هاوڕێیانی خۆی بێنێتە ســـەر ئـــەو قەناعەتە کە لەو لێگەڕە پڕ لە مەترســـییەدا لـــە گەڵی بـــڕۆن و حیـــزب لە ژێر کاریگەریی دوو جەمســـەری بە هێز، خاوەن دەســـەڵات و بە ئیمکانی ئەو ســـەردەمە، واتا حیزبی توودەی ئێران و پارتێکی دیکـــەی کوردی ڕزگار بکا بە بێ ئەوەی زەربە لە پێوەندییە دۆستانەکانی نێوان حیزب و ئەو دوو لایەنانە بدا.

ئەگەر لە پێوەندییەکانی نێوان حیزب و دوو لایەنی بە هێزی ئەو سەردەمە دەســـت پێ بکەین، بۆ حیزبێک کە دوکتور قاسملوو بڕیار بوو بیژینێتەوە، ڕێکـــی بخاتـــەوە و بیکاتـــەوە بە پێشڕەوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر بە ڕادەی سەربەخۆیی حیزب پێوەندیی دۆستانە لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنە لەگەڵ ئەو دوو ڕێکخراوە گرینگ بوو. پارتە کوردییەکە بۆیە بۆ حیزب و دوکتور قاسملوو گرینگ بوو چونکە ئەو پارتە و بارزانیی نەمر لەو سەردەمەدا، سەمبولی بزووتنەوەی نەتەوەیـــی کـــورد و چالاکتریـــن ئەکتەری سیاسیی کوردستان بوون. لە هەمان کاتیشدا، دوکتور قاسملوو پێـــی وابوو کە هێزە سیاســـیەکانی گۆڕەپانی تێکۆشانی نەتەوەیی دەبێ دوو پڕەنســـیپ بپارێزن: سەربەخۆیی سیاسی خۆیان و پشتیوانی کردن لە یەکتر لە بەرامبەر دوژمنانی مافی نەتەوەییـــدا. بۆیەش، بـــۆ دوکتور قاســـملوو گرینگ بوو حیزبێک کە دەیویست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بزووتنەوەی نەتەوەیـــی ببووژێنێتەوە دەبوایـــە لەگەڵ پارتی و شەخســـی بارزانی پێوەندیی دۆستانەی هەبێ.

تێڕوانینـــی دوکتور قاســـملوو و حیزبی دێموکرات لەو سەردەمە لەسەر حیزبی تـــوودە هێندێـــک جیاوازتر بوو، بـــەڵام لەو پێوەندییەشـــدا هەر دوو پڕەنســـیپی بنچینەیـــی ڕەچاو دەگیـــران. یەکەمیان ئـــەوە بوو کە حیزبی توودە، وەکوو گرینگترین و بە جەماوەرترین ڕێکخراوی چەپی ئەو ســـەردەمەی ئێران خاوەنی ڕۆڵێکی گرینگ بوو و دەبێ قورســـایی ئەو لە سیاســـەتدا لە بەرچـــاو بگیرێ. حیزبـــی دێموکرات بڕوایەکی قووڵی بە هاوپەیمانی لەگـــەڵ بزووتنەوەی چەپ، چینی ژێر دەست و گەلانی ئێرانی هەبـــوو، چونکە پێی وابوو و ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ســـەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا لە گرەوی وەهـــا هاوبەندییەکی سیاســـیدایە. دووهـــەم دەبوایـــە بە حیزبـــی توودە بسەلمێندرێ کە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێناسە و بنەمای فیکری خۆی هەیە کە نابێ وەک بەشـــێکی بزووتنەوەی چەپی ئێران چاوی لێ بکرێ، بەڵام لەگەڵ بزووتنەوەی چەپ خاوەنی هێندێک بەرژەوەندیی هاوبەشە.

لـــە لایەکی دیکـــەوە بۆ دوکتور قاسملوو گرینگ بوو بە هێزە خاوەن نفووزەکانی ئەو سەردەمە بسەلمێنێ کە بڕیاری ســـەربەخۆیی سیاســـی نە تەنیا هیـــچ دژایەتیەکی لەگەڵ بەرژەوەنـــدی و پلانەکانـــی ئەو دوو هێـــزە نیە، بەڵکـــوو دەتوانێ لە زۆر بوارەوە کارئاسانیشـــیان بۆ بکا و لە درێژخایەنـــدا بە قازانجی خودی ئەو هێزانەش تەواو بـــێ. بۆ نموونە، بۆ پارتـــی دامەزرانـــدن و پتەوکردنی پێوەندیی دۆســـتانە لەگـــەڵ ئێران لەو ســـەردەمەدا زۆر گرینگ بوو. لـــە هەبوونی ئەو پێوەندییەشـــدا، بۆ پارتی ئاسان نەبوو کە تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەژێر ســـێبەری خۆیدا ڕابگرێ و بـــۆ خەبات دژی حکوومەتی ناوەندیی عێراق وەڵامی هاوکارییەکانـــی ڕێژیمـــی شـــای ئێران نەداتەوە. هـــەر بۆیە حیزبێکی سیاســـیی جیاواز کە خۆی خاوەنی بڕیار و ئیرادەی سەربەخۆی سیاسی بوو، ئەو پارتەی باشووری کوردستانی لەو سەرئێشـــە و ئاریشەیەی ڕزگار دەکـــرد، چونکە لـــەو حاڵەتدا کەس نەیدەتوانی بڵێ کە حیزبی دێموکرات باڵی ڕۆژهەڵاتی حیزبێکی باشووری کوردســـتانە و بەم پێیە نە بڕیاری بۆ دەدان و نەش لە بەرامبەر بڕیارەکانیدا بەرپرسیار بوو.

تێگەیاندن و قەناعەت پێهێنانی ئەو هاوڕێ و هاوبیرانەی کە دەبووا هەم لە بڕیاردان و هەم لـــە بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکاندا لەگەڵ دوکتور قاســـملوو بـــن، ئەرکێکی دیکەی قورس بـــوو کە دەبوایە ئەو ڕێبەرە بە توانایە پێی هەســـتێ. لەو ساڵە پڕ لە ئاریشانەی کە ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان جێگیر ببوون، واتا بەشـــی زۆری ساڵەکانی دەیـــەی ٤٠ و ٥٠ (٦٠ و ٧٠ی زایینی) هەلومەرجی عێراق بە گشتی و هەڵسوکەوتی بزووتنەوەی کورد لە باشـــووری کوردســـتان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خەباتی حیزب و توانایییەکانی چالاکیی حیزب هەبوو. گرفتەنێوخۆییەکانی حیزبیش لە ژێر سێبەری ئەو ڕەوشەدا شکڵیان دەگرت و بەپێی ژینگەی سیاسی دەورووبەر توند و شل دەبوونەوە. بۆیە ناشاردرێتەوە کە ساڵەکانی نێوان کۆنفرانسەکانی ٢ و ٣ی حیـــزب یەکێـــک لـــە پڕ قەیرانتریـــن ســـەردەمەکانی ژیانی حیزبـــە. ڕاپەرینـــی چەکدارانەی ســـاڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦، کارەساتەکانی نێوخۆیـــی، دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشـــگێڕ، کۆمیتەی ساخکەرەوە و هتـــد بەشـــێکیان بەرهەمـــی ئەو ناکۆکی و ئاریشـــانە بوون. لە وەها هەلومەرجێکـــدا، دانـــی بڕیاێکی نوێ بۆ دەربازبوون لـــەو قەیرانانە و سەربەخۆیی سیاسی، کارێکی ئاسان نەبوو.

لە ســـەروبەندی کۆنفرانسی ٣دا، بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزب کە لە ڕەوشی ئەو سەردەمەی حیزب ناڕازی بوون ئـــەو بەرچاوڕوونیەیان نەبوو کە بە چ شێوەیەک هەبوونی سیاسی خۆیان بپارێزن، بە بێ ئەوەی کە ڕێگا بدەن باقی ئەندامانی حیزب کە زیاتر لەگەڵ بزووتنەوەی باشوور تێکەڵاوببـــوون، ئەو بڕیـــارە بە هەڵە لێک بدەنەوە و ئاریشـــەیەکی نوێ بۆ حیزب بخوڵقێنـــن. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە کەسی یەکەمی حیزب تا بەر لە کۆنفرانسی ٣، بە کردەوە لە دژی ســـەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب ڕادەوەستا و حیزبی لە هەبوونی خۆیدا کورت کردبووە. دوکتور قاسملوو بە لێوەشاوییەوە، لەگەڵ ئەو هەلومەرجە هەڵســـوکەوتی کرد و توانی بەشی زۆری ئەندامانـــی حیـــزب لە ژێر چەترێکـــدا کۆبکاتەوە تا کاناڵێکی جێی متمانە بـــۆ گەیاندنی پەیامی سیاســـی و ڕێکخراوەیی خۆیانی بۆ بڕەخسینێ.

بەرنامـــەی کاری کۆنفرانـــس و پرۆژەی سیاسیی دوکتور قاسملوو، بێجگـــە لە ئاریشـــەی ژینگەســـی سیاســـیی دەورووبـــەر، ناڕوونـــی هەڵوێســـتی بەشـــێکی ئەندامانی حیزب و دژوارییەکانی ســـەر ڕێی کۆکردنەوەی دەیـــان کادری خاوەن بڕیار لە هەلومەرجێکی دژوار و دوور لە ژینگەی سروشتیی چالاکییەکانی حیزب، لەگەڵ هەلومەرجێکی دژواری سیاســـی لە جیهان و ناوچەشدا ڕوو بەڕوو بوو. ڕێژیمی شـــای ئێران کە حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو بەرنامەیان بوو خەباتی سیاســـیی لە دژ بکەن، لە سەروبەندی کۆنفرانسی ٣ی حیزبـــدا و لـــە مـــاوەی پاش کۆنفرانس تا کۆنگرەی ٣، لەوپەڕی بەهێزیـــی سیاســـی، نێونەتەوەیی و ئابووریدا بوو. شـــای ئێران بە هۆی داهاتەکانـــی نـــەوت و هەڵکەوتەی ســـتراتێژیکیی ئێران لە ســـنووری دەســـەڵاتی ســـۆڤیەتدا، توانیبووی بەهێزترین پشتیوانانی نێونەتەوەیی بۆ خۆی دروســـت بکا و بە شێوەیەک ببـــێ بـــە جەمســـەرێکی بەهێزی سیاســـی لە ناوچـــەدا. لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی ئێران و ناوچە، دیتنـــی دوورەدیمەنێکـــی نادیار و داڕشـــتنی سیاســـەت بۆ کارکردن لە دژی ئەو ڕێژیمە، پێویســـتی بە وردبوونەوەیەکـــی زۆر بوو. دوکتور قاسملوو بە هاوکاریی و هاوفیکریی چەند کەس لە ئەندامانی پێشەنگی حیـــزب کـــە ژمارەیان لـــە ڕادەی قامکەکانی دەستێک تێپەڕ نەدەبوو، دەبوایە بەرنامەیەکی سیاسی دابڕێژن کە هەمووی ئەو فاکتانە لە بەر چاو بگرێ.

کۆنفرانسی ٣ وەڵامی ئەو ڕەوشە بوو کە لەودا دوکتور قاسملوو توانی بەرپرسایەتی ڕیســـکێکی گەورە لە مێژووی حیزبدا لە ئەستۆوە بگرێ. مێژووی خەباتی حیزب لە ساڵەکانی دوای کۆنفرانســـی ٣ نیشانی دا کە ئەو ڕیســـکە بوێرانەیە پێویست بوو تا حیـــزب ببێ بە خـــاوەن ئیرادەی ســـەربەخۆ و بڕگەیەکـــی نوێ لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا تۆمار بکا. لەو ســـەردەمە ڕا، جێ دەســـتی دوکتور قاســـملوو لە بەش بەشـــی بڕگەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتدا دیارە.



## ڕۆژەڤ

### پاشەکشە لە مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئێران

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «واشینگتۆن پۆست» لە بەشـــی «تێڕوانیـــن»ی خۆیدا وتارێکـــی لە ژێر نـــاوی « ئۆباما پێویســـتە لـــە مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئێران پاشەکشـــە بکات» بە قەڵەمی کێڤین مـــەك کارتی بڵاو کردووەتەوە. نووســـەر کۆماریخواز و ڕێبەری زۆرینەی پارلەمانە.

نووسەر لە سەرەتادا بە ئاماژە بەوە کە: «ئێستا کە دواکات بۆ وتووێژەکان تێپەڕیوە، ئۆباما دەبێ واز لەو قسە حەماسییە بێنێ کە ڕەواییەکەی بە ڕێککەوتنێکەوە گرێ دراوە و خۆی بۆ وازهێنان لە ڕێککەوتنێکی خراپ ئامادە بکات»، دەنووســـێ: «چەند دەیە لەمەوبـــەر، ڕۆناڵـــد ڕەیگان لەگەڵ ڕێگایەکی پڕچەرمەسەری هاوشـــێوەی ئەمە لە وتوویژ لەگەڵ یەکیەتیی ســـۆڤیەت لە ڕیجاویکی ئایســـلەند ڕووبەڕوو بووەوە. ڕەیگان ئەگەرچی دەیزانی هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ ڕووسیە ستایشێکی بەربڵاوی بەدوادا دێت بەڵام پاشەکشەی کرد، تەنیـــا بۆ ئەوەی دواتـــر بگەڕێتەوە ســـەر مێز و ڕێککەوتنێکی باشـــتر گەرەنتی بـــکات. ڕەیگان زانی کە ئاشـــتی بەبێ ئازادی بێ مانایە و زانینی ئەوەی کـــە کەی لە مێزی وتووێـــژ پاشەکشـــە بکەیـــت هەر ئەوەندەی زانینی ئـــەوە گرنگە کە کەی لەسەری دابنیشی.»

دواتر دەنووســـێ: «ڕاپۆرتەکانی ئەمدواییانە لەسەر بارودۆخی وتووێژە ناوکییەکان و قســـەکانی بەرپرســـە باڵاکانـــی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما هۆکاری بەرچاو دەدەن بەدەستەوە تا لە ســـێ بواری سەرەکیدا نیگەرانی بێتەگـــۆڕێ. ئەوانـــە بریتیـــن لە، ویستی ئاشکرای بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ ڕێگـــەدان بە ئێران تـــا دوایین کارە ناوکییـــە ســـەربازییەکانی بە نهێنی بهێڵێتـــەوە، لابردنی هێزەکی ئەو گەمارۆیانەی کـــە پەیوەندییان بـــە پرۆگرامی ناوکییـــەوە نییە و هەروەها نەبوونی ئاشکرای پێداگری وتووێژکەرانـــی ئەمریـــکا لەســـەر پشـــکنینی بەهێز وەکوو بەشـــێك لە ڕێککەوتنی کۆتایی. هەرســـێکیان لـــە ویســـتی لەڕادەبـــەدەری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بـــۆ ڕێککەوتنێك ڕەنگ دەدەنەوە. بەڵام هەرســـێکیان گەرەنتیکـــەری ڕێککەوتنێکـــی خراپن».

نووســـەر لە چەنـــد پاراگرافی دواتردا لەســـەر پێویستی پشکنینی شـــوێنە ســـەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دڵنیابوون لە وازهێنانی ئێران لە دروستکردنی چەکی ناوکی و هەروەهـــا پێویســـتی مانـــەوەی ئـــەو گەمارۆیانەی ســـەبارەت بە پشتیوانیکردنی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆریزم و پێشـــێلکردنی مافی مرۆڤ لەســـەری دانراون، پێداگری دەکات.

نووسەر لە کۆتاییدا بە ئاماژە بە قسەکانی خامنەیی بۆ واژۆنەکردنی هەر ڕێککەوتنێك کـــە تێیدا ئاماژە بە پێویســـتیی پشـــکنینی سایتە سەربازییەکانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن پشـــکێنەرانی نێونەتەوەییەوە بکات، دەنووسێ: «لە کاتێکدا وتووێژەکان درێژەیـــان هەیە، کۆنگرێس ئامادەیە بەرگـــری لـــە بەرژەوەندییەکانـــی ئاسایشـــی نەتەوەیی ئەمریکا بکات . هەروەها بـــە دژی ڕێککەوتنێکی خـــراپ لەگەڵ ئێران بوەســـتێتەوە. ئەو هیوایە هەیە کە سەرۆك ئۆباما ڕۆژێك ئاوەزمەندی لە نموونەکەی سەرۆك ڕەیگان دەبینێ.»

سەرچاوە:
washingtonpost.com

# ڕاسانی شاخ و شڵەژانی ئاوی مەنگ

ن: شەماڵ

لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە ڕێڕەوێکی هەستیاری مێژوویيدا تێدەپەڕی سەردەمدارانی ئێران و لە سەروی هەموان حەمە ڕەزاشا بانگەشەی بوونی دوورگەیەکی ئارامیان دەکرد و وەك ژاندرمەی ناوچە خۆیان دەناساند کە لە ناکاو لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ هێزێکی گەلی و نیشتمانی بە ڕێبەرایەتی چەند ڕووناکبیر و ئازادیخوازێکی کورد ڕاپەڕین و ئەو ئارامییە دەسکرد و فانتێزیایەی سیستمی پەهلەوییان شێواند و ئەم ژاندرمەی ناوچەیان بە پێکۆڵ کێشا کە ئەم مەسەلەش لە جێگەی خۆیدا بووە فاکتەرێك لەمەڕ چوونەسەری ئاگایی نەتەوەیی و سیاسی خەڵك و دە ساڵ دواتر ڕاپەڕینێکی جەماوەری ئەو نیزامە سیاسییەی لە ئێراندا ڕووخاند کە خۆی بە سێبەری خودا لە سەر زەوی دەزانی.

### مێژوو دووپات دەبێتەوە

پاش نەمانی دەسەڵاتی پاشایەتی و بە تاڵان بردنی دەسکەوتی شۆڕشی گەلانی ئێران تاقمێك ئاخووندی هەلپەرەست کە لە نێوەڕۆکدا زۆر لە نیزامی پێش لە خۆی دڕندەتر و دژەگەلیتر بووە و ئێستاش هەیە، جڵەوی کاروانی دەسەڵاتی لە ئێراندا گرتە دەست و خۆی بە نوێنەری خودا لە سەر زەوی ناو برد و لە ژێر سێبەری ئەم دروشم و بانگەشانە ڕێچکەی تاوانەکانی لە نێوخۆی وڵاتدا دەست پێکرد. دواتریش لە ژێر ناوی پاراستنی وڵات و دەسەڵات ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەستی داوەتە سەرکوتی ئازادیخوازان لە نێوخۆی وڵات و بە سازکردنی شەڕ و ئاژاوە و قەیران لە ناوچەدا هاوشێوەی ڕێژیمی پێش لە خۆی دەیهەوێ وەها پیشان بدات کە تەنیا دوورگەی ئارامی ناوچەیە و تەنیا ئەوە کە دەتوانێ وەك

ژاندرمەی ناوچە حوکمڕانی بکات. پاش نیزیك بە نیو سەدە لە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ نەوەی نوێی کوردستان و قوتابیانی قوتابخانەی ئازادی و مافویستی بڕیاریان دا جارێکی دیکە و پاش بێدەنگییەکی چەند ساڵە، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان کە سەرچاوە گرتوو لە هزری نەتەوەخوازی و نیشتماندۆستی ئەوانە، بکەنەوە ڕاپەڕین لەدژی زوڵم و بێدادگەری بکەنە هەوێنی دابین کردنی ژیانێکی مرۆڤتەوەرانە بۆ گەلە ماف زەوت کراوەکەیان. هاوکات لەگەڵ دەسپێکی بەهاری سروشت و زاڵ بوونی ڕووناکی و تینی گەرمای هەتاو بە سەر تاریکی و سڕی وەرزی سەرما قوتابیانی مەکتەبی ڕووناکیش بڕیاری گەرم و گوڕترکردنەوەی شۆڕشیان لە دژی تاریكپەرستانیان دەرکرد و بەرەو نیشتمانی دایك سەختی و ناخۆشییەکانی ڕێگەیان بە گیان کڕی و بە هیوا و ئۆمێدێکی زۆر بۆ داهاتوو مەتەریزی شەرەفیان قایمتر پاراست. هەرچەند وەك پێشبینی بۆ دەکرا هەر لە سەرەتاوە دژایەتییەکان و لەمپەڕ دروست کردنەکان هاتنە ئاراوە بەڵام ڕۆڵەکانی ڕەگەزی هەتاو کە بە وانەی کۆڵنەدان و بەردەوامی فرچکیان گرتووە وەك شاخ لە بەردەمیاندا وەستانەوە و نەتەنیا بەچۆکدا نەهاتن بەڵکوو ڕەوایی خۆیان سەلماند.

### شڵەژانی ئاوی مەنگ

ڕوونە کە جموجۆڵی نوێی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەهەلومەرجی هەستیاری مێژوویی ئێستادا کە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی تێوە گلاوە بێ کاردانەوە نەبوو. پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەگوڕتر کردنی خەباتی پێشمەرگانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆستان و لایەنگرانی شاخ هاتنە جۆش و لە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت دەرەوەی

کوردستانیش پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ ئەم ڕاسانە مێژووییە دەربڕی. پشتگیرییەك کە دەتوانین وەك هەوێنی بەردەوامی خەباتی گەل لە دژی داگیرکاری و تاریكپەرستی ناوی لێ ببەین. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم جمانە مێژووییەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات بەرهەڵستبوونەوەی هەندێ هێز و لایەنیشی لێ کەوتەوە. جووڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان لە شاخە سنوورییەکاندا بوو بە زەنگێکی مەترسیدار بۆ تەواویەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەسبەجێ کۆبوونەوە نهێنی و ئاشکراکانیان دەس پێکرد. یەحیا ڕەحیم سەفەویش وەك ڕاوێژکاری نیزامی عەلی خامنەیی هاتە گۆ و وتی: ئێمە دەبێ لە عێراق و سوریادا لەدژی داعش شەڕ بکەین و ئاسایشی وڵاتەکەمان لەو ناوچانە دابین بکەین. ڕاستە کە ناوبراو لەم لێدوانەیدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ ناوی

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی نەهێناوە بەڵام جموجۆڵە بەپەلە و کوتوپڕەکانی ئازادی کوڕان دوابەدوای قسەکانی ناوبراو لە سەر سنوورەکانی کوردستان و سەردانی مەیدانیی فەرماندە پلە بەرزەکانی سپای پاسداران لە سنوورەکان دەرخەری ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە کە پاش ڕاسانی شاخ لە دڵی دوژمنانی کوردستان نیشتووە. بەکورتی دەتوانین بڵێین جوڵاندنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە توانی چەند ئامانجی سەرەکی بپێکێ:

یەکەم: چاندنی تۆی هیوا بەدوارۆژێکی ڕوون لە دڵی خەڵکی کوردستان و گەرموگوڕتر کردنی خەباتی مافخوازانەی ئەم گەلە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دەیان ساڵە دوژمنانی کورد لەدژی وەستاونەتەوە و تەپڵی ناهۆمێدکردن دەژەنن.

دووهەم: ڕەواندنەوەی ئەو بیرە هەڵە و ناڕاستەی کە گوایە شۆڕش و بەرخۆدان لەو بەشەی کوردستان بە بۆنبەست گەیشتووە و بوونی نەماوە.

سێهەم: شڵەژانی دورگەی ئارام و ئەو ئاوە مەنگەی کە کۆماری ئاخووندی چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدات و هەزینەی بۆ دەکات. سەلمێنەری ئەم وتەش دەتوانێ جووڵاندنی هێزە بەکرێگیراوەکان لەسەر سنوورەکان و ئاوەدان کردنەوەی کۆنە پایەگاکان و زاڵکردنی کەشی پۆلیسی و میلیتاریزە کردنی نێو شارەکان و بانگهێشت و هەڕەشەکردن لە چالاکانی سیاسی کورد بێت.

### لەمپەڕەکانی سەر ڕێگە

ڕوون و ئاشکرایە کە هەنگاوێکی لەم چەشنە پێویستی بە پشتگیرییەکی هەمەلایەنە لەلایەن خەڵك و هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە هەیە. وەك هێمای بۆ کرا پاڵپشتییەکی بەربڵاو لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەم چالاکییە نوێ و مێژووییە دەستی پێکردوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەداخەوە دەبیندرێت کە هەندێك کەس و لایەنی سیاسی بە ئەنقەست یان لە ژێر کاریگەری و باندۆڕی فەزای هێمابۆکراودا یان بۆ وەدوانەکەوتن لە کاروانی مێژوویی خەباتی نوێی

ڕۆژهەڵات کەوتوونەتە خۆ تاکوو پشکێکیان لە داهاتوودا وەبەر کەوێت. خاڵی گرینگ لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە هەموو هێزە کوردییەکانی کوردستان دەبێ باوەڕ بەو عەقڵییەتە بهێنن کە بە دۆست زانینی نەیاران و بەدوژمن زانینی دۆستانی ڕابردوو نەتەنیا ڕێگەی داهاتووی خەباتمان خۆش ناکات بەڵکوو دەبێتە هۆی سەرئێشەیەکی نوێ کە ڕەنگە خەساری قەرەبوو نەکراوەش بەدوای خۆیدا بهێنێ و خەسارەکانی بەرۆکی جوڵانەوەی گشتی گەلی کورد بگرێت بۆیە پێویستە کە بەرژەوەندییە بان نەتەوەییەکان وە پێش قازانجە حیزبی و تاکەکەسییەکان بخرێن و وەك پێشینیان وتوویانە ئەگەر گوڵ نین بۆ بەرزی ژیان با دڕکیش نەبن بۆ ئازاری گیان. بە واتایەکی دیکە ڕەنگە ئەم پرسە هەمان پاژنەی ئاشیلی خەباتەکەمان بێت کە بۆ نەهێشتنی لاوازییەکان پێویستی بە بەرنامەڕێژی و خۆبەهێزکردنی زیاتر هەیە.



# پێویستیی ڕیفۆرم لە پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

دارا ناتق

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێك لە گەورەترین و بە دەسەڵاتدارترین ڕێکخراوەکانی جیهانە، کە لە ئەنجامی دروست بوون و گەشەسەندنی پێوەندیی نێونەتەوەیی لە دەستپێکی سەدەی بیستمدا دامەزرا و بە هۆی گرینگی و تایبەتمەندییەکانی، بازنەی نفووز و دەسەڵاتەکانی بە تێپەڕینی زەمەن فراوانتر بوون.

بۆ یەکەمین جار جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٢٦ی ژوئەنی ساڵی ١٩٤٥، لە سانفرانسیسکۆ، لە کۆتایی کۆنفرانسی ئەو ڕێکخراوەیەدا، لە لایەن ٥١ وڵاتەوە پەسەند کرا و لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا زیاتر لە ١٩٠ وڵاتی جیهان ئەم جاڕنامەیان واژۆ کردووە و بەڕێوەبردنی بەندەکانی ئەو جاڕنامەیە بە پێی عۆرف و یاسای نێونەتەوەیی پێویستە و دەبێ پراکتیزە بکرێن.

خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە شێوازی ئیدارە کردن و پێکهاتە و چۆنیەتی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و نێوەڕۆکی جاڕنامەی ئەو ڕێکخراوەیە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستی بە ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە. بە تایبەتی وڵاتانی زلهێزی دوای شەڕی جیهانی دووهەم کە هەنووکە ئەندامی هەمیشەی شۆرایی ئەمنییەتی ئەو ڕێکخراوەن و مافی ڤێتۆ کردنیشان پێدراوە، بە پاوان و قۆرخ کردنی دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوەیە، دەرکردنی هەر چەشنە بڕیاروبەڕێوەبردنی چالاکییەکانی دەبێ لە پێشدا لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بێت. بە جۆرێك کە هەنووکە بە بوونی ئەو هەموو کێشە و قەیرانە مرۆیی و ژینگەیی و ئابووری و ...هتد، لە ئاست جیهان بە گشتیدا و بێ هەڵوێستی و بێ کاریگەر بوونی ئەم ڕێکخراوەیە لەهەمبەر چارەسەری گشت ئەو قەیرانانەدا، بە تەواوی ڕەوایی و پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی بردووە ژێر پرسیار.

یەکێك لە بەندە بنەڕەتییەکانی ئەو جاڕنامەیە باس لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە بندەستەکان دەکات. لە کاتێکدا بە دەیان نەتەوەی گەورە و بچووك و کەمە ئایینەییەکان لە ئاست جیهاندا، لە سەرەتاییترین مافەکانییان بێبەشن و بە مێتۆدگەلی جۆراوجۆر سەرکوت دەکرێن. تەنیا لە وڵاتی ئێراندا ٥ نەتەوەی بندەست و چەندین کەمە ئایینی هەن کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بە بەردەوامی دەچەوسێندرێنەوە و لە هەر چەشنە مافێکی نەتەوەیی و کولتووری خۆیان بێبەشن و ڕۆژانە لە لایەن دام و دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە سەرکوت دەکرێن و ساڵانە دەیان ڕاپۆرت سەبارەت بە پێشلکاریی مافی مرۆڤ و نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا بڵاو دەبێتەوە کەچی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ دەور و هەنگاوێکی بە کردەوەی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە بندەستەکان نەهاویشتووە. لە کاتێکدا پێشلکەرانی مافی مرۆڤ و سەرکووتکارانی نەتەوە بندەستەکان و یەك لە وان وڵاتی ئێران، ئەندام و واژۆکەری جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

عەداڵەت و مافی یەکسان لە نێوان دەوڵەتان و نەتەوەکاندا، یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە. مخابن ئەم ڕێکخراوەیە نەتەنیا لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی عەداڵەت و مافی یەکسان لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو لە پێکهاتەی ئەو ڕێکخراوەیەشدا ئەو عەداڵەتە ڕەچاو نەکراوە و گشت دەسەڵاتەکان بە مافی ڤێتۆوە لە پاوانی ٥ وڵاتی زلهێز و هەمیشەی شۆرایی ئەمنییەتی ئەو ڕێکخراوەیەدان کە هەر چەشنە هەڵوێستو بڕیارێك دەبێ لە خزمەت مەسلەحەت و بەرژەوەندی ئەواندا بێت.

گرینگترین و سەرەکیترین ئامانجی ئەو جاڕنامەیە، هاوکاریی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری جیهانی و پێشگرتن لە شەڕ و تیرۆر و کاڵکارییە. هەنووکە دەبینین کە بە هۆی شەڕ و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و توند و تیژی گرووپە ڕادیکالەکانەوە، ڕۆژانە سەدان مرۆڤ دەبنە قوربانی و تراژیدیای مرۆڤی بەڕێوە دەچێت و بە ملیۆنان ئینسان ئاوارە دەبن. هێندێك لە ئەندام و واژۆکەرانی ئەو جاڕنامەیە و بە تایبەتی وڵاتی ئێران بۆتە سەرچاوەی ئاژاوە و تیرۆرو و تێکدانی ئاسایشی و ئەقڵەهی ناوچەیی و جیهانی و هەوڵی بەدەست خستنی چەکی ناوەکی دەدات. لەو پێوەندییەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی بە کردەوە و پێویستی نەبووە و یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و ئاشتی و سەقامگیری جیهانی گرێدراوی بڕیار و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی جیهانە.

یەکێکی دیکە لە گرفت و کێشەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کە بۆتە هۆی پێشێلکردنی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەڵکئاژۆ کردن لە مافی ڤێتۆ لە لایەن ٥ ئەندامی هەمیشەیی شۆرای ئەمنییەتە کە بۆتە هۆکار و ئاستەنگی سەرەکی پێشڤەچوون و پراکتیزە کردنی جاڕنامەی ئەو ڕێکخراوەیە. بە پێی مادەی ٢٧ی جاڕنامە، هەر چەشنە بڕیارێکی شۆرای ئەمنییەت، لە بواری ئیداری و بەڕێوەبەریدا، پێویستی بە پەسەند و ڕەزامەندی هەر ٥ ئەندامی هەمیشەیی هەیە. هەر بۆیە ئەندامانی هەمیشەی بەرەنگاری هەر چەشنە بڕیار و هەڵوێستەك دەبنەوە کە بە دژی بەرژەوەندی ئەوان و هاوپەیمانەکانیان بێت.

دوای شەڕی جیهانیی دووهەم، سیستەمی پێشنیاری ئەمنییەتی گرووپی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێ توانایی خۆی سەلماند. ئەم سیستەمە لە پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان نەتەوەکان و بە تایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکاندا سەرکەوتوو نەبوو و لە پاراستنی ئاشتی و ئەمنییەتی نێونەتەوەیی لە ڕێگای کرداری گرووپییەوە شکەستی خواردووە. لە کردەوەشدا، ڕەوتی ئیدارەی ئەو سیستمە لە دەستی چەند زلهێزێکی جیهانیدایە کە تەنیا لە فکری دروست کردن و بەرەوپێشبردنی کێشە ئیدئۆلۆژیکەکان و دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوەیەوە. هەر بۆیە قەیرانە مرۆیی، سیاسی، ئابووری، ژینگەی و شەڕ و ماڵوێرانکارییەکانی ئەمڕۆی جیهان و پەرەسەندنی زیاتری ئاڵۆزی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بندەکانی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەرخەری ڕۆڵی ناکارامە و شکەستخواردووی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە، بۆیە ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی لە پێکهاتە و ئیدارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەمرێکی پێویستە بە شێوەیەك کە بتوانێ کۆتایی بەم بێ توانایی و ناکارامەییەی ئەم ڕێکخراوەیە بێنێ.

# داردەستەکانی بێگانە کێن؟

سەلام ئیسماعیلپوور

«بەستراوەیی بە بێگانە» یەکێك لەو دەستەواژە و چەمکانەیە کە زۆر جار بۆ تۆمەتبارکردن یان سەپاندنی سزا بە سەر چالاکان و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بە هۆی رۆڵێکی راستەقینە کە کێبڕکێی هێزە دەرەکییەکان لە دیاریکردنی سیاسەت و بەڕێوەبەریی وڵاتدا هەیبووە، زۆر ئاسایی بووە کە لایەنەکان یەکتر بە سیخوڕی بۆ هێزێکی بیانی تۆمەتبار بکەن. راستییەکەی ئەوەیە کە سیاسەت و حکوومەت لە ئێراندا بە تایبەتی لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی قاجار بەم لاوە هەمیشە لە ژێر سێبەری دەستێوەردان و هێژمۆنیی لایەنی دەرەکیدا بووە.

زاڵبوونی ئەم بیرۆکەیە کە لە سیاسەتی ئێراندا هیچ کارێك بە بێ ئیزنی بێگانە ناکرێت، بوو بە هۆی ئەوەی کە یەکێك لە داخوازییەکانی خەڵك و لایەنەکان چ لە بزووتنەوەی بە میللیکردنی نەوت (١٣٣٢) و چ لە شۆڕشی رێبەندانی ١٣٥٧دا ببێتە «استقلال» و رزگاربوون لە دۆخی بەستراوەیی بە بێگانە. هەر ئەم مەسەلەیە لە نێو فیلمە فارسییەکان و فەرهەنگی سیاسیی ئێراندا وەهمی «دایی جان ناپلئۆنی» و «کار کار انگلیس‌هاست»ی بە سەر هەموو شتێکدا زاڵ کرد و کار گەیشتە جێگایەك کە هەنووکە تەنانەت دەسەڵاتدارانی باڵای ئێران ترسیان لەوە هەیە کە پێوەندییەکی ئاساییان لەگەڵ رۆژئاوا هەبێت و پێیان وایە کە هەرجۆرە پێوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە گشتی و دنیای رۆژئاوا بەتایبەتی دەبێتە رێخۆشکەرێك بۆ ملکەچی و ژێردەستەیی.

دەسەڵاتدارانی تاران کە خۆیان بە خاوەنی شۆڕش دەزانن و لایەنە شۆڕشگێڕە راستەقینەکان بە دژەشۆڕش پێناسە دەکەن، بە پشتبەستن بە یەکێك لە دروشمەکانی شۆڕش واتە «استقلال» هەوڵیان داوە خۆیان وەکوو نوێنەری رەوتی سەربەخۆییخواز بناسێنن و نەیارانی نێوخۆیی بە داردەستی بێگانە. هەر لەو پێوەندییەدا هەموو داخوازێکی رەوای دانیشتوانی ئێرانیش بە پیلانی دەرەکییەوە گرێ دەدەن و خۆیان لە وەڵامدانەوە بەو داخوازانە دەبوێرن. بۆ نموونە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوە ستەملێکراوەکان بە «پیلانی دەرەکی بۆ پارچەپارچەکردنی ئێران» و «لیبیاییزە کردنی ئێران»، مافخوازیی بەهاییەکان بە پیلانی ئیسراییل، مافخوازیی ژنان بە هەوڵدانی رۆژئاوا دژ بە ئیسلام، مافخوازیی کەمینە ئایینییەکان بە پیلانی عەرەبستان و ... لە قەڵەم دەدەن و چالاکانی ئەو بوارانەش بە سیخوڕی بۆ ئەو لایەنانە تۆمەتبار دەکەن، بە جۆرێك کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا و تا هەنووکەش، سیخوڕی بۆ ئەمریکا و ئیسراییل تۆمەتێکی ئاسایی رۆژانەیە کە فارس گوتەنی وەك نوقڵ و نەبات بە سەر چالاکان و بەندکراوانی سیاسی و مەدەنیدا دابەشی دەکەن.

یەکێك لە نموونەکانی ئەم تۆمەت بەشکردنانە لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیونی بی بی سیی فارسیدا بوو کە چەند مانگ لەمەوپێش عەتائوڵڵا موهاجرانی، وەزیری پێشووی ئیرشادی رێژیم لە سەردەمی خاتەمیدا و یەکێك لەو لابیستانەی رێژیم کە لە رۆژئاوا بە ناوی پۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە نان دەخۆن و خزمەت بە رێژیم دەکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە سەردەمێك هاوپەیمانی رێژیمی بەعسی عێراق بووە و بە خەیاڵی جەنابیان داردەستی ئەو رێژیمە بووە. دیارە پێویست بە گوتن نیە کە هیچ کەس و تەنانەت خودی رێژیمی کۆماری ئیسلامیش باوەڕ بەو تۆمەتە سواو و بێ بنەمایە ناکەن و بۆیان دەرکەوتووە کە حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانیدا چەندە گرینگی بە ئەسڵی سەربەخۆیی دەدات کە وەك قاسملووی نەمر دەڵێت: «ئێمە سەربەخۆییمان فیدای دۆستایەتی ناکەین» و حیزبیش لە مێژووی خۆیدا دەیان و سەدان جار ئەو راستییەی بۆ هەموان سەلماندووە کە وتەکانی دوکتور مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری بەناوبانگی کورد و هەروەها ئەو بەڵگەنامانەی ویکی لیکس کە چۆنیەتیی پێوندیگرتنی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دەوڵەتی عێراق باس دەکات، دوو نموونە لە سەربەرزییەکانی حیزبی دێموکرات و مێژووی بێگەرد و خاوێنی ئەو حیزبەن. لە لایەکی دیکەوە، هێندێك جار مێژوو رووی راستەقینەی تۆمەتچییەکانی وەك موهاجرانی بە روونی ئاشکرا دەکات.

لەم رۆژانەدا بوو کە وێبسایتی ویکی لیکس نزیکەی ٦٠ هەزار بەڵگەنامەی نهێنیی وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستانی ئاشکرا کرد کە یەکێك لەو بەڵگەنامانە باس لە پێدانی بوورسیەیەکی ٦٥ هەزار پۆندی لە لایەن باڵوێزخانەی عەرەبستانەوە لە لەندەن بە کوڕێکی موهاجرانی دەکات.

لەو بەڵگەنامەیەدا کە رێکەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیورییەی ٢٠١٢، وەزارەتی دارایی عەرەبستان، «سعوود فەیسەل» وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەی ئاگادار کردۆتەوە کە بڕیاری ئەو لەمەڕ دانی بوورسیەی خوێندن بە عەلی موهاجرانی لە زانکۆی Warwickی شاری «کاونتری»ی بریتانیا جێبەجێ کراوە و چەکی ساڵی یەکەمی ئەو بوورسیە چوار ساڵەیە کە بڕی ١٦٣٧١ پۆندی تێدایە، بۆ ژمارەی حیسابی بانکیی باڵوێزخانەی عەرەبستان لە لەندەن نووسراوە تا وەکوو «دیاری» بدرێ بە کوڕەکەی موهاجرانی.

دیارە موهاجرانی لەو کێبڕکێیەدا تەنیا نیە و بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی پلەبەرزی رێژیم (لە بەیتی خامنەییەوە بگرە تا فەرماندە باڵاکانی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و لە کاربەدەستانی دەوڵەتەوە بگرە تا ئاغازادەکان و مەرجەع تەقلیدە بەناوبانگەکانی ئێران) هاوکات لەگەڵ گوتنەوەی بەردەوامی دروشمە پووچەڵەکانی وەك «مرگ بر امریکا» و هتد، بە شارەزایی تەواوەوە لەو زەلکاوەشدا مەلە دەکەن. ئەمەش نیشان دەدات کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە جێگایەکدا نین کە بتوانن سەرینی دڵنیایی لە خۆیان بخەنە ژێر سەر و لە بەرانبەردا خەڵك و نەیارانی خۆیان بە داردەستی بێگانە بزانن.






# ئیعتیاد بە مادده سڕکەرەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئامانج

لەم سەردەمی بە جیهانیبوون و شۆڕشی ئەنفۆرماتیك و تێکنۆلۆژیدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژانە شاهیدی دیتنی گیرۆدە بوونی لاوەکانمان بە مادده سڕکەرەکانین. ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری ئیعتیاد لە شار و گوندەکانی ئێران و کوردستان لە بەرز بوونەوەدایە. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا هاوکاری ئەو کەسانە دەکا کە مادده سڕکەرەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکەنەوە و لاوان تووشی ئیعتیاد دەکەن. تەنانەت ئەگەر هێندێك جاریش کەسانی موعتاد و فرۆشیارانی مادده سڕکەرەکان زیندانی دەکرێن، لە زینداندا هەم فێری بەکارهێنانی مەواد دەکرێن و هەم فێری شێوەکانی کاری بڵاو کردنەوەی مادده سڕکەرەکان لە کۆمەڵگادا دەکرین. هەر بۆیە پاش دەرکەوتن لە زیندان دەبنە هاوکاری هێزەکانی ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی ڕێژیم لە شار و گوندەکاندا بۆ موعتاد کردنی زیاتری لاوان. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو کەسانە دەستی باڵایان لە بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکان لە کوردستاندا هەیە.

لە ڕابردووە تا ئێستا ڕێژیمی ئێران بو موعتاد کردنی هەر چی زیاتری لاوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پەرەی بە دانانی ئاشپزخانەکانی بەرهەمهێنانی مادده سڕکرکانی وەك شیشە لە شار و گوندەکانی کوردستان و بە تایبەت لە شاری سەردەشت داوە و تەواوی کەل و پەلی پێویستییان لە تارانەوە بۆ دابین دەکەن و ڕەوانەی شاری سەردەشت و شارەکانی دیکەی کوردستان دەکرێن. هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەمجورە ئاشپەزخانانە لە زیاد بوون دان. ئێستا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتوون کە ڕێژیم بۆ موعتاد کردنی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ماددەی سڕکەر هاوردەی شارەکانی کوردستان دەکات. ساڵی ڕابردوو خەڵکی شاری بۆکان کە دیتیان ڕێژیم هیچ هەنگاوێك بۆ کۆکردنەوەی ئاشپەزخانەکانی شیشە نادات خۆیان دەست بەکار بوون و چەند ئاشپەزخانەی شیشەیان سووتاند. ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت لاوانی کوردستان نەبنە کەسانی خەباتگێڕ لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا، هەر بۆیە دەیهەوێت بە موعتاد کردنی لاوان هەستی نەتەوایەتییان بکوژێت. ئێستا کە خەباتی نەتەوەی کورد بە گشتیی و بە تایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێی ناوەتە قوناخێکی گرینگ و لە ئاستی جیهاندا پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەکرێت، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی دەست و پێوەندەکانییەوە لە کوردستان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا مادده مەترسییدارەکانی وەك: تریاك، هیرۆئین، حەبی سەنعەتی، شیشە، حەبی ڕەوانگەردان و حەبی ئیکستاسی بۆ گیرودەکردنی زیاتری لاوانی کورد،بە تایبەت مادده سڕکەرە پیشەییەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا بڵاو دەکاتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوە باوەڕ پێکراوەکان، لە ئاستی ئێراندا لە ١٠١٨ موعتاد ١٠٠٠ کەسیان بە ماددەی سڕکەرە پیشەییەکان ئاڵوودە بوون و تەنیا ١٨ کەسیان بە مادده سڕکەرەکانی وەك تریاك موعتادن. چونکە مادده سڕکەرەکانی سەنعەتی زۆر زوو بەرهەم دێن و بە سانایی لە بازاڕی ئێراندا دەست دەکەون و لە تاقیگەکاندا بۆ ماوەیەك نادیار دەبن و لە پشکنیندا نیشان نادرێت و بە تایبەت ماددەی سڕکەری شیشە، هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدا زیاتر لە نێو لاواندا بڵاوی کاتەوە. هەر وەها ئێران لە ئاستی جیهانیدا لە بەکارهێنانی ماددەی سڕکەر و موعتاددا پەلەی یەکەمی هەیە. لە سەدا١٣ی موعتادانی جیهان لە ئێراندان و ڕۆژانە ٨ کەس بە هۆی کێشانی ماددەی سڕکەر دەمرن و ڕۆژانە ١٠٠ کەس بە ئاماری موعتادان لە ئێراندا زیاد دەبێت. لە ترانزیتی مادده سڕکەرەکان کە لە لایەن سپای پاسدارانەوە ئەنجام دەدرێت، ٥٠ لە سەدی لە نێوخۆی وڵات بەکاردەهێنرێت و ئەوەی دیکەی هەناردی وڵاتانی جیران و بە تایبەت باشووری کوردستان و ئۆرووپا دەکرێت. هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران بە یەکێك لە جەمسەرەکانی مادده سڕکەرەکان لە ئاستی جیهاندا ناسراوە. ئێستا لە شارەکانی کوردستاندا ماددەی شیشە بە بەربڵاویی لە نێو لاوان، کچان و ژناندا و بە تایبەت لە ئاڕایشگاکاندا لە ژێر ناوی پودری لاوازبوون بە کچان و کوڕان دەفروشرێت. هەروەها حەبی میتادۆن ئێستا بە بەربڵاوی لە قوتابخانەکاندا لە لایەن دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە بڵاو دەکرێتەوە. ئەو حەبە بە ئاسانی لە بازاڕەکانی کوردستان دەست دەکەوێت. هەر بۆیە بە داخەوە ئێستا بە هەزاران قوتابی کوڕ و کچ لە لایەن ڕێژیمەوە بەو حەبە کوشەندەیە موعتاد کراون. هەروەها حەبی ئیکستاسی لە لایەن ڕێژیمەوە لە قوتابخانەکانی کچاندا بڵاو دەکرێتەوە. ئەو حەبە یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوژیی کچان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات شوێنی گەشت و گوزارەکان زۆر کەم بوونەوە و ڕۆژانە شاهیدی داخرانی باشگا وەرزشییەکانین بە هۆی ئیزن نەدان و کێشە نانەوە بۆ باشگا وەرزشییەکان لە لایەن ڕێژیمەوە. بەڵام لە بەرانبەردا ڕێژیم بە ئاسانی ئیزنی کردنەوەی کافەکانی قەلیان و قومار لە نێو شارەکان پەرە پێ دەدات، کە بە هیچ شێوەیەك لەلایەن بنکەکانی بێهداشتەوە چاودێری ناکرین. هەر بۆیە دەبێ خەڵکی کوردستان بە وریایی ئاگاداری منداڵەکانییان بن کە تووشی مادده سڕکەرەکان کە لە لایەن ڕێژیمەوە بڵاو دەبنەوە، نەبن. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ هەنگاوێکی بۆ کۆکردنەوەی ئاشپەزخانەکانی دروست کردنی ماددەی شیشە لە شارەکانی کوردستان هەڵ ناگرێ بەڵکوو بە پێچەوانە پەرەیان پێدەدات. هەروەها دەبێ خەڵکی شارەکانی کوردستان عامیلانی بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکان بە خەڵك بناسێنن و ریسوایان بکەن. تا چیدی شاهیدی ئەوە نەبین لاوانی کورد لەباتی ئەوی فێری وانەی کوردایەتی و خەبات لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتی بن بە دەست مادده سڕکەرەکانەوە بسووتێن.



# ١٨ی پووشیەڕ لاپەڕەیەکی دەرەوشاوە لە بزاڤی خوێندکاریدا

کانیاو

لە سیستمی دەسەڵاتداریی داخراوی کۆماری ئیسلامیدا هەر کات بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت بزاڤی خوێندکاری، دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ، بە شێوەی مەدەنی، بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازییە سینفییەکانیان هەوڵیان داوە و تەنانەت نارەزایەتیی و ئیعترازاتییان وەڕێخستووە. بەڵام زۆر جار بە هۆی نادێموکراتیك بوونی سیستمی داخراوی ڕێژیمی ئێران، لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە ئەو نارەزایەتییە مەدەنییانە هێڵە سوورەکانی حاکمیەتیی ڕێژیمیان بەزاندووە و تەواوییەتی حاکمییەت و دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. لەلایەکی دیکەوە چونکە لە چوارچێوەی حاکمییەتی ڕێژیمی ئێراندا پرنسیپ و بنەماکانی دێموکراسی و گەمەی بەشداریی لە دەسەڵات بۆ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و میدیای ئازاد بوونی نییە، بەشێکی زۆری جووڵە و نارەزایەتییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دژی حاکمییەتی سەرەڕۆی ڕێژیمی ئێران لە بیاڤی زانستگا و لە لایەن مامۆستایان و خوێندکارانی سەرهەڵ دەدەن. یەکێك لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئێراندا ئەکتیف و چالاکە، بزاڤی خوێندکارییە. چونکە ئەگەر زۆر جار گەلانی ئێران نەیانتوانیوە لە بەرامبەر دەسەڵات و حاکمیەتی نادێموکراتیك و سەرەڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نارەزایەتیی دەربڕن، ئەوە زانستگا و خوێندکارانی بوونەتە زمانحاڵی گەلانی ئێران و دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردووتەوە و زۆرجاریش لە پێناوی ویست و داخوازییەکانی خەڵکدا قوربانییان داوە. هەروەها لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕەشی کۆماری ئیسلامیشدا بزاڤی خوێندکاری کوردیش بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەرووونکردنەوەی خوێندکارانی دیکەی نێو زانستگاکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە لەقاودانی سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەبوو و بە خۆشیەوە توانیان زۆربەی ئەو باوەڕ و ناڕاستیانەی کە ڕێژیم بە پروپاگەندەی ژەهراوی و چەواشەکاری ڕاستییەکان لە بەرامبەر خەباتی ڕەوا و کێشەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە نێو زانستگاکاندا بڵاو کردبووە، پووچەڵ بکەنەوە. هەر لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕووداوەکانی هێرشی بۆ سەر زانستگا و خوێندکاران بە بیانووی، پڕۆژەی شۆڕشی بە ناو فەرهەنگی و ئیسلامی کردنی زانستگاکاندا، سەدان خوێندکار و مامۆستای زانستگا بە تۆمەتی جۆراوجۆر تووشی گرتن، زیندان و دەرکردن و ئیعدام بوون. پاش هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی و بوونی سەید محەممەدی خاتەمی وەك سەرکۆمار، بە دروشمی ڕیفۆرمخوازی، بزاڤی خوێندکارانی گەلانی ئێران لەو هەل و دەرفەتە ڕەخساوە کەڵکی پێویستیان وەرگرت. دروشمەکانی ڕیفۆرم و چاکسازی، ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان، نە تەنیا سەرنجی بەشێك لە خوێندکاران، بەڵکوو تەنانەت سەرنجی بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاواشی بۆلای خۆی ڕاکێشا و هەر بەو هۆیەشەوە بەشێك لە بزووتنەوەی خوێندکاری بوون بە پشتیوانی خاتەمی و دروشمەکانی. بەڵام خاتەمی و دەوڵەتە ڕیفورمخوازەکەی زۆری پێنەچوو کە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی بە خوێندکاران نیشان دا و لە ڕاستیدا خەنجەریان لە پشتەوە لە بزاڤی خوێندکاری دا. لە پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاویدا خوێندکارانی زانستگاکانی تاران بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر داخستنی ڕۆژنامەی «سەلام» نارەزایەتیی بەرینیان بەڕێوە برد، کە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ خۆپێشاندان لە شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران و بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان وە لەرزە خست. هەر بۆیە خاتەمی و دەوڵەتە ڕیفۆرمخوازەکەی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی، پشتیی لە دروشمە درۆینەکانی کرد و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بە خوێندکاران نیشان دا و لە ڕاستیدا خەنجەریان لە پشتەوە لە بزاڤی خوێندکاری دا و بە سەرکوتی بێبەزەییانەی خوێندکاران لە ١٨ ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی چەندین خوێندکار کوژران و دەیان خوێندکار تووشی گرتن و زیندان و بێبەش بوون لە خوێندن کران و بە میلیاردها تەمەن زیانی ماڵی وە زانستگاکان کەوت. بە وتەی چالاکانی خوێندکاری لە ١٨ی پوشپەڕ ٥ خوێندکار کوژراون، بەڵام تەنیا کوژرانی عیزەت ئیبراهیم نژاد و بێسەروشوێن بوونی سەعید زەینالی ڕوون و ئاشکرا بووە. هەروەها لە زانستگاکانی دیکەی ئێران و بە تایبەت لە زانستگای تەورێز، بە دەیان خوێندکار تووشی گرتن و زیندان و دەرکردن و بێبەش بوون لە خوێندن کران. هەروەها لە نارەزایەتییەکانی ڕۆژی ٢٠ پووشپەڕی زانستگای تەورێز کوژرانی خوێندکارێکی کچ بە ناوەی مۆژگان ئاشکرا بووە. هەر بەدوای ئەو ڕووداوانەدا و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی خاتەمی و بڵقی سەرئاو بوونی دروشمەکانی، خوێندکاران ڕووی ڕاستەقینەی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازییان بۆ دەرکەوت کە ڕیفۆرم و گۆڕان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا مانا ومەفهوومی نییە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ڕۆڵی حەسەن ڕووحانی کە ئیستا سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و خۆی وەك کەسێکی «میانەڕەو» نیشان دەدا، زیاتر ئاشکرا بکرێت. ڕووحانی ئەو کات بەرپرسی شوورای ئەمنییەتی وڵات بوو. ئەوە حەسەن ڕووحانی بوو کە لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی فەرمانی سەرکوتی خوێندکارانی ڕاپەریوی بە هێزە سەرکوتکەرەکانی لیباس شەخسی و ئەمنییەتییەکان دا. بە فەرمانی ڕاستەوخۆی حەسەن ڕووحانی و کەسانی دیکە، هێزەکانی ڕێژیم بە شێوەی نامرۆڤانە هێرشیان کردە سەر کووی زانستگای تاران و زانستگاکانی دیکەی ئێران و ئەو کارەساتی لێ کەوتەوە کە بیر و ڕای ئێران و جیهانی هەژاند و ئێستا بۆتە ڕۆژێکی مێژوویی لە بزاڤی خوێندکاریدا. ئەگەر لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی بزاڤی خوێندکاریدا زورجار دەسەڵاتدارانی تاران توانیویانە بۆ ماوەیەك خوێندکار و زانستگا سەرکوت و کش و مات بکەن، بەڵام بزاڤی خوێندکاری وەك ئاگری بن کا، هەر کات سۆزە بایەکی لێ دابێت و هەلێکی بۆ ڕەخسابێت دووبارە لە جاران بە گوڕتر سەری هەڵداوەتەوە. هەر بۆیە تایبەتمەندییەکانی بزاڤی خوێندکاریی ڕووداوەکانی ١٦ی سەرماوەز و ١٨ی پووشپەڕ، بۆتە لاپەڕەیەکی دەرەوشاوە و خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی بزاڤی خوێندکاری ئێراندا. پاش تێپەڕبوونی ١٦ ساڵ لە کارەساتەی هێرشی پاسدارانی جەهل و نەزانی بۆ سەر زانستگاکانی ئێران، هیشتا زور لایەنی ئەو ڕووداوە هەر لە نارووونیدا ماوەتەوە و بیر و ڕای گشتیی لێی ئاگادار نییە. هەنووکە بزاڤی خوێندکاریی ئێران پاش زیاتر لە نێو سەدە تێکۆشان و دەورانێکی پڕ لە ئەزموون، دەبێ بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو، لە لایەك بە خوێندنەوەیەکی سەردەمییانە بە هەڵەکان و کەموکوڕییەکانی خۆیدا بچێتەوە و لە لایەکی دیکەوە دەبێ هاندەر بێ بۆ بەشداری ڕەوت و بزاڤە خوێندکارییەکانی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت بزاڤی خوێندکاری کورد بە پاراستنی شوناسی نەتەوایەتییەکانیەوە. هەروەها لەسەر لەوحەی تێکۆشانیدا لەسەر خواستە دیاریکراوەکانی وەکوو دێموکراسی، فیدرالیزم، ئازادی، مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران، مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی زیاتر لە جاران پێداگری بکات. تا هەموو بزاڤە خوێندکارییەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بیاڤی زانستگادا شان بە شانی یەك، داوای ویست و داخوازییەکانی خۆیان بکەن.

## ئەوە حەسەن ڕووحانی بوو کە لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی فەرمانی سەرکوتی خوێندکارانی ڕاپەریوی بە هێزە سەرکوتکەرەکانی لیباس شەخسی و ئەمنییەتییەکان دا

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

ڕووکەن

دوای ئەوەی کە موستەفا کەماڵ لە تورکیە پارلەمانێکی نوێی دامەزراند کە لەو پارلەمانەدا ٧٦ نوێنەری کورد بەشدار بوون و قەوڵی دانی مافی خۆبەڕێوەبردن بە گەلی کورد درا، بەڵام دوای ئەوەی کە موستەفا کەماڵ جێ پێی خۆی لە تورکیەدا قایم کرد، جیا لەوەی کە هەوڵی نەدا بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەلی کورد، بەڵکوو ڕایگەیاند کە لە هەر شوێنێك سەرنێزەی تورك هەبێ، مافی کورد بوونی نیە. ئەوە بوو کە گەلی کورد بڕیاری دا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە دژی زۆرداری خەبات بکات. هەر لەو چوارچێوەیەشدا بوو کە لە ژێر سەرکردایەتیی خالید بەگی جبری ڕێکخراوی ئازادی دامەزرا و زۆر سەرۆك عەشیرەت و کەسانی خاوەن پێگە چوونە نێو ڕیزی ئەو ڕێکخراوەیە کە یەکێك لەوان شێخ سەعیدی پیران بوو کە دواتر بوو بە سەرۆکی ئەو شۆڕشەی کە ڕێکخراوی ئازادی وەڕێیخست.

لە شوباتی ساڵی ١٩٢٥ شێخ سەعیدی پیران ناوچەی ڕزگارکراوی داراهێنی وەك پایتەختی کاتیی کوردستان ڕاگەیاند و بەم شێوەیە شۆڕش بە شێوەیەکی فەرمی دەستی پێ کرد و شۆڕشگێرانی کورد توانیان لە ماوەی مانگێکدا یەك لە سەر سێی خاکی کوردستانی باکوور ڕزگار بکەن و بتوانن بەرەو گۆلی وان و هەتا بەرزاییەکانی ئاگری و بتلیسیش پێشڕەوی بکەن. لە بەرامبەر ئەم تەڤگەرە بە هێزەی شێخ سەعیدی پیران، دەوڵەتی تورکیە هێزێکی ٨٠ هەزار کەسیی ئامادە کرد و بە ئیزن وەرگرتن لە دەوڵەتی فەرانسە کەڵکیان لە ڕێگا ئاسنی باکووری سووریە وەرگرت و لەو ڕێگایەوە توانیان شاری ئامەد گەمارۆ بدەن و ڕێگای شاری وان لەگەڵ بەشی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ گۆلی وان ببڕن.

لە ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩٢٥ شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێیانی دوای شەڕێکی قارەمانانە، بە داخەوە لە سەر پردی عەبدولڕەحمان پاشا کەوتنە بۆسەی پلەدارێکی سوپای تورکیە بە ناوی قاسم و دەستبەسەر کران. یوسف زیا و خالید بەگ لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە وەك دوکتور فوئاد و ئەکرەم بەگ و جەمیل پاشازادەش کە هیچ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشەوە نەبوو لە سێدارە دران. دواتریش دەوڵەتی تورکیە کەسایەتیی ناسراوی کورد شێخ عەبدولقادری گەیلانیی بە تۆمەتی سیخۆری کردن لە سێدارە دا. شێخ سەعیدی پیرانیش دوای لە سێدارەدانی لە ڕێکەوتی ١٩٢٥،٠٦،٢٩ تەرمەکەی بۆ شوێنێکی نادیار گواسترایەوە و بە داخەوە ئێستاش شوێنی بەخاکسپاردنی نازانرێ.




دوای ئەو هەموو کوشت و کوشتارە ڕەوشێکی توندی ئەمنیەتی بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کورددا زاڵ کرا و زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان داخران. هەر لەو پەیوەندییەدا بەرپرسێکی سەربازیی بریتانیا بە ناوی ئارمسترانگ دەڵێ: «کوردستان کەوتە نێو ئاگر و پیاوەکان ئەشکەنجە کران و گوندەکان سووتێنران و ژن و منداڵ کوژران». بە پێی سەرژمێرییە نافەرمییەکان نێزیك بە ٢٣٠٠ گوند بە تەواوی کاوڵ کران و ١٥ هەزار کەسیش لە خەڵکی مەدەنی کوژران.

نەهرۆ لە کتێبی «نگاهی به تاریخ جهان»دا دەڵێ: «تورکەکان کە تازە بۆ ئازادی خەباتیان کردبوو، دەستیان کرد بە سەرکوتی کوردەکان، کە لە ڕاستیدا کوردیش هەر بۆ گەیشتن بەو ئازادییە خەباتی کردبوو. سەیرە کە چۆن ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە دەگۆڕێ بۆ ناسیۆنالیزمی هێرشکارانە و خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی دەگۆڕێ بۆ خەبات لە پێناو زاڵبوون بە سەر ئەوانی دیکەدا».

سەرەڕای ئەو هەموو کوشت و کوشتارە کە دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر هەر چوار پارچەی کوردستاندا لە دژی کورد بە ڕەوایان زانیوە، بەڵام لە لایەکەوە خەبات بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی درێژەی هەبووە و لە لایەکی دیکەشەوە گەلی کورد قەت بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردوە و نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورکی بە دوژمنی خۆی نەزانیوە و لە داهاتووشدا ناسیۆنالیزمە بەرگریکارانەکەی ناگۆڕێ بۆ ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانە، چونکە سیاسەتی چەوساندنەوە و داگیرکردنی خاکی نەتەوەکانی تر لەگەڵ ڕابردووی نەتەوەی کورد و لەگەڵ ئەخلاق و بیرکردنەوەی تاکی کورد نامۆیە.

سەرچاوە:

١- «حنبشهای ملی کرد»

٢- ماڵپەڕی «خۆیبوون»

٣-بەڵگەفیلمێك لە سەر شۆڕشی شێخ سەعید

# ئۆختاپوسی پان ئێرانیزم و قۆرغ کردنی ڕاگەیێنەرە فارس زمانەکان

ن: شارام میرزایی
و: جاقل

پان ئێرانیزم وەکوو ئیدئۆلۆژییەك لە کاتی گەڕانەوەی یەکەمین خوێندکاران و دەرچووانی زانکۆ لە ئۆروپاوە بۆ ئێران بە شێوازە سەرەتاییەکەی شکڵی گرت و لە دەورانی دەسەڵاتی «ڕەزا میرپێنجدا» لەلایەن ئەم ڕووناکبیرو خوێندەڤانانەوە چوارچێوە و قەوارەی بەخۆوە گرت. قەوارەیەك کە هەنووکەش پاش تێپەڕینی نیزیك بە یەك سەدە لە هەموو کون و قوژبنێکی ئێراندا، تەنانەت لە ئەمنیەتی ترین بەشەکانی حکومەتی زاڵ کە بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکات، پەلی هاویشتووە و دەبیندرێت.

دامەزرێنەرانی پان ئێرانیزم کە بناغەی ئیدئۆلۆژییەکەیان لە سەر ئەساسی «یەك نەتەوە و یەك زمان» دارشتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەستیان دایە تێکرووخان و دارشتنەوەی دووبارەی مێژوو. مێژوویەك کە تێیدا هەخامەنێشی بنەمای هەموو شانازییەکان و گۆڕانکارییەکانی ئێرانە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەموو پرسەکان بۆ ناوەندی ئێران و دانیشتوانەکەی دەگێڕێتەوە.

تاك شوناسی، پێویستی بە مێژوویەك هەیە کە تێیدا هەموو پرسەکان پێوەندی بە یەك زمان، یەك کەلتور و یەك نەتەوەوە هەبێت. لەم ڕاستایەشدا تا ئێستا مێژووی چەندین نەتەوە لەنێو چووە لەوانەش مێژووی شارستانیەتی کاسییەکان، لۆلۆبییەکان، ئۆرارتورییەکان، مادەکان و مێژووی ڕاپەڕینە بەربڵاو و جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس لە دژی حکومەتی هەخامەنێشی، مێژووی خەباتی چەند سەد ساڵەی کوردانی یارسان لە بەرامبەر حکومەتی عەرەبەکان و ئێرانییەکان، مێژووی حکومەتی حۆسنەوییە و ئەتابەکان و.... کە باس کردن لە هەر کام لەوانە کات و ساتێکی گونجاوی دەوێت. بەڵام سازکردنی مێژوویەکی چەواشەکراو و یەکانگیر لەلایەن ئاڵقە خوێندەوار و ڕووناکبیرەکانی دەوروبەری ڕەزای میر پێنج و دواتریش حەمەڕەزاشاو سازکردنی جیهان بینییەکی خەیاڵاوی کە لە ناخیدا دروشمی «هنر نزد ایرانیان است و بس» هەڵگرتووە و لە ڕاستیدا مەبەست تەنیا فارسەکانە و وەك فیردەوسی دەڵێ هەموو نەتەوە و قەومەکانی دیکە دوور لە شارستانیەت بوون، بووە هۆکارێك بۆ شکڵ گرتنی سیستمێکی فێرکاری کە منداڵانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئێرانی هەڵ لووشی و بە داتەکاندنیان لە شوناسی نەتەوەییان و لەبەرکردنی شوناسێکی ساختەیی، کۆمەڵێك نۆکەری ئاڵقە لە گوێیان خوڵقاند کە تەنیا لە ڕاستای ئامانجە ئیدئۆلۆژیکەکانی پانئێرانیزمدا هەنگاو هەڵدەگرن. لێرەدایە کە ئێمە بینەری هاتنە سەرکاری کۆمەڵێك مۆدیری پلەبەرز، مامۆستای زانکۆ و قوتابخانە، ئەفسەری ئەرتەش، وەزیرو سیاسەتمەدار دەبین کە تەنیا بە قازانجی دوو دەستەواژە واتە یەك نەتەوە و یەك زمان تێدەکۆشن و ئەم تۆڕە تایبەتانە دەکەونە نێو دونیایەکی خەیاڵاوی مەترسیدار کە چەشنێك لە فاشیزمی ئێرانی پێك دەهێنن و لەو کاتەدایە کە پڕ بە گەروو هاوار دەکەن: هنر نزد ایرانیان است و بس. یان تەنانەت لە سەردەمی ڕەزاشادا شانامەی فیردەوسیش بەلاڕێدا دەبەن و سەبارەت بە عەرەبەکان دەڵێن:

ز شیر شتر خوردن و سوسمار
عرب را به جایی رسیده است کار
که تاج کیانی کند ارزو
تفو بر تو ای چرخ گردون تفو

یان بە شێوەیەکی سیستماتیك و بەرنامەداڕێژراو، سەرقاڵی سازکردنی جۆك و نوکتە لە دژی نەتەوەکانن.

لەم برگە زەمەنییەدا ـ واتە لە سەرەتای شکڵ گرتنی پان ئێرانیزمەوە تاکوو ئێستا ـ بەهۆی بوونی حکومەتێکی ناوەندگەرا و هەروەها سیستمێکی ئاموزشی یەکگرتوو ئەم ئیدئۆلۆژییە توانیویەتی نەسڵێکی فکری تایبەت بار بهێنێت و لە ڕاستای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵکیان لێ وەربگرێت. ئەمڕۆکە ئەم نەسڵە توانیویانە بەهۆی بارودۆخی سیاسی زاڵ بەسەر ئێراندا تەنانەت لە نیهاد و دامەزراوەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا دزە بکەن.




یەکێك لەو ڕێکخراوانە کە خاوەن گرینگییەکی تایبەتیشە، ڕاگەیێنەرە گشتییەکانە کە وڵاتانی زلهێز و شوێندانەر لە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان بنیاتیان ناوە کە لە ڕاستیدا بووەتە شوێنێکی لەبار بۆ چالاکی فکری پان ئێرانیستەکان تاکوو بە کۆنترۆڵ و چاودێری کردنی هەواڵەکان ببنە لەمپەڕێکی گەورە لە بەردەم گەیشتنی زانیاری و ئاگاهی بە نەتەوەکانی ئێران.

بێدەنگی بەهێزترین جۆری سانسۆڕە کە لەلایەن ئەم دەزگا ڕاگەیێنەرانەوە لەدژی هەواڵەکانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران جێبەجێ دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم دەزگا ڕاگەیاندنانە بە خۆگێلکردن لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ئەم نەتەوانە بوونەتە هۆی چێ بوونی چەشنێك لە ڕوانینی مەترسیدار کە بە «نیست گرایانە» دەناسرێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر هەواڵ یان ڕووداوێکی حاشاهەڵنەگر بێتە گۆڕێ تەنیا بەشێوەیەکی سەرسەری و ئاسایی یان بە دانی شرۆڤەیەکی کورت و بێنێوەڕۆك ئەرکی خۆیان وەك ڕۆژنامەوانێك سووك دەکەن کە ئەم مێتۆدە لە گواستنەوەی هەواڵ دەچێتە خانەی «سیاسەتی ناوچەی قەدەغەکراوی خەبەری» کە لەڕاستیدا دەرخەر و سەلمێنەری بوونی ئەم ڕەوتە فکرییە لە نێو ڕاگەیێنە فارس زمانەکانە. بۆ وێنە دەتوانین هێما بۆ هەواڵی خۆکوژی و خۆسوتاندنی چوار کەس لە پێڕەوانی ئایینی یاری بکەین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئێعتراز بە سیاسەتە هەڵاواردنییەکانی ئێران ڕووی دا و دوابەدوای ئەوەش ڕێپێوانی جەماوەری پێڕەوانی ئەم ئایینە لە بەردەم ئۆستانداریی کرماشان و مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لێکەوتەوە بەڵام بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم ڕاگەیاندنانە بەتایبەت بی‌بی‌سی فارسی ئەوەندە بایەخی نەبوو کە تەنانەت یەکێك لە بەرنامەکانیانی بۆ تەرخان بکەن. یان مانگرتنی گشتی شارەکانی کوردستان لە ئێعتراز بە ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر ئەوەندە بە لایانەوە سەرنجڕاکێش نەبوو کە بە تێروتەسەلی باسی لێوە بکەن.

ئەگەر هەندێك زیاتر ڕۆ بچینە نێو ئەم باسە دەبینین کە شێوازی گواستنەوەی هەواڵەکان، بێدەنگ بوون یان هەوڵدان بۆ بەلاڕێدا بردن سەبارەت بە ڕێپێوانە جەماوەرییەکانی خەڵکی لوڕ لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ڕاگەیێنە فارس‌زمانەکان کە بە حەشیمەتێکی دەیان هەزار کەسی ڕژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری دابین کردنی مافە نەتەوەییەکانیان بوون وێنەیەکی بەرچاوە کە بە تەواوی دزەی بۆچوونە پان ئێرانیستییەکان لە پێکهاتەی گشتی ئەم دەزگایانە دەخاتەڕوو. لەو کاتانەدا ئەم دەزگا ڕاگەیاندنانە بە شاردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکانی لوڕستان لە نێو هەواڵەکانی دیکە و پۆلێن کردنیان وەکوو هەواڵی پلە کۆتایی لە هەوڵی کەم بایەخ نیشاندانی ڕووداوەکاندا بوون.

سیاسەتی «ناوچەی قەدەغەکراوی خەبەری» لە ساڵی ٢٠٠٣ بەملاوە و پاش چەسپانی حکومەتی فێدراڵی لە عێراق و پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێبڕاوانەتر لە پێشوو و بە شێوەیەکی سیستماتیکتر بەڕێوە چوو. لەم ساڵانەدا کوردەکان توانیان بە یارمەتی وەرگرتن لەو پێشکەوتنە ئابوریی و سیاسیانەی کە وەدەستیان هێنابوو خۆیان وەك ئۆلگوویەك بۆ نەتەوە بەشخوراوەکانی ئێران پیشان بدەن. هەر بەمهۆیەشەوە هەواڵدەرییە فارس زمانەکان بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی بایکۆتی هەواڵ و لە پەراوێزخستنی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کوردستانی باشور هەوڵێکی جیددییان بۆ پشتگوێ خستنی دەسکەوت و ڕووداوەکانی ئەم بەشەی کوردستان خستەگەڕ.

لەڕاستیدا ڕووی قسەی ئەم بابەتە دوو دەزگای هەواڵدەریی نێونەتەوەیی خاوەن جێگە و پێگەی وەك دەنگی ئامریکا و بی‌بی‌سی‌یە کە بوودجەکەیان لەلایەن کۆنگرەی ئامریکا و وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە دابین دەکرێت. ئەوەیکە جێگەی داخە ئەو ڕاستییەیە کە بوودجەی دیاریکراو لە لایەن ئەم دوو نیهادەوە بۆ خزمەت بە ئیدئۆلۆژییەکی وەها فاشیستی سەرف دەکرێت. ئامانجگەلێك کە حاشاکردن لە شوناسی چەندین ملیۆن مرۆڤ و پاساوهێنان بۆ ژینۆسایدی فەرهەنگی و زمانی نەتەوەکانی ئێران دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئەو ئیدئۆلۆژییەن.

«سیاسەتی ناوچەی قەدەغەکراوی خەبەری» کە لە بەشی فارسی ئەم دوو دەزگا تەبلیغییە پێڕەو دەکرێت، لەگەڵ سەرجەم بنەما و بناغە فکری و هزرییەکانی پێکهێنەری دوو وڵاتی ئاماژەپێکراو لە دژایەتیدایە و ڕواڵەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئەم وڵاتانەی بەتەواوی خەوشدار کردووە.

کوردەکان وەکوو نەتەوەیەك کە لە مێژساڵە لە ڕێگەی ئازادی و یەکسانیدا بەردەوام لە هێڵی هەرە پێشەوەی خەباتە مەدەنی و سیاسییەکاندا بوون، بۆ خۆیان بوونەتە گەورەترین قوربانی ئەم بێدەنگییە لە نێو ڕاگەیاندنە فارس زمانەکاندا. ئەمەش بەو هۆکارەی کە کوردەکان هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتە ناوەندگەراکانەوە دژبەری سەرەکی ناوەندگەرایی بوون و بەمەش کەوتوونەتە نێو بازنەی قەدەغەکراوی خەبەری.

بەڵام ئەمڕۆکە ئێمە شاهێدی ئەو ڕاستیەین کە کوردەکان بۆخۆیان خاوەنی دەیان کاناڵی سەتەلایتین کە نەتەنیا ڕووداوەکانی ناوچە کوردنشینەکان وەك خۆی دەگوازنەوە بەڵکوو بوونەتە تریبۆنێکی لەبار بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش کە لەم ڕێگەوە توانیویانە ئەم گەمارۆ خەبەرییە بشکێنن و ببنە ئاڵتێرناتیڤێکی باش بۆ ئاگاکردنەوەی نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی ئێران بەچەشنێك کە ئەم نەتەوانە توانیویانە لەسەر بنەمای باوەڕە بنچینەییەکانی تاکە سیاسییەکانی کوردستان دوو کۆڵەکەی دێموکراسی و فرەچەشنی نەتەوەیی لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانیان بگونجێنن و لە بەرنامە تایبەتەکانی خۆیاندا باس لە کێشە و بیر و بۆچوون و هەڵاواردنەکانیان بکەن.

---

## جووت حەوت

### هەوراز

کۆماری ئیسلامی زۆر جار خۆی بە باوکی میللەت نیشان دەدات.کە سەیری مودیریەتی ئەم باوکە دەکەین، مودیریتی جارانی هێندێك باوکمان لە نێو بنەماڵەدا دەکەوێتە بیر کە لە قۆناغی باوکسالارییەوە لە پڕێکدا پێیان نایە ئەمڕۆ. ساڵانێك لەمەو پێش کە بە هەڵکەوت لەگەڵ سەردەمی زێڕینی هێندێك کەسیش هاوکات بوو، جۆرێك سیستمی بنەماڵە باو بوو کە تێیدا هەر ماڵێك لە دە تا پانزدە منداڵی ورد و درشتی هەبوون. باوکی بنەماڵە لە پێش هەڵاتنی خۆر تا پاش هەڵاتنی مانگ بە شوێن پاروو نانێکا هەڵات هەڵاتی بوو. دایکی بنەماڵەش لەگەڵ یەکەم قوولەی مەلا بڵقاسم تا نیوەشەوی دواتر کە لە بەر ماندوویی لە جیاتی نووستن، لە گیان دەکەوت، خەریکی مەشکەژەنین و مەڕوماڵات و مێرد و منداڵ بەخێوکردن و پاك و خاوێنیی ژینگە و ماڵداری و ئاوهێنان و چێشت لێنان و ... بوو و هاوکاتیش بە هەردووکیانەوە لەوەش غافڵ نەبوون کە وەك ڕەوە کوللەی بیابان منداڵ دروست بکەن بۆ شەڕە بەردی نێو گەڕەك. هەرگیزیش بیریان لەوە نەدەکردەوە بە خۆیان بڵێن ئێمە کە لە بەر ئەوە فریوی نان و ئاوە بەخۆڕاییەکەی ئیمامیمان خوارد کە پێمان وابوو پارەی وڵات بەشی سی و پێنج میلیۆن کەس ناکات، ئەدی بۆچی سی و پێنجەکە دەکەینە هەشتا؟ ئاگایان لە خۆیان نەبوو کە لە پڕێکدا کوڕێکیان دەبوو بە چەقۆکێش، ئەوی دیکەیان بە هێرۆیین گیرۆدە دەبوو. کچێکیان لە بەر دەسکورتی خۆی دەسووتاند. کچەکەی دیکەیان لە سەر شەقام کلینێکسی دەفرۆشت و ئەوانی دیکەشیان لە نێو ژیانێکی پڕ کوێرەوەریدا دەتلانەوە و باوك و دایك هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو بۆ ڕزگارکردنی بنەماڵە لەو دۆخە نالەبارە. لەو هەلومەرجەدا باوکی بنەماڵە بۆی گرینگ نەبوو کە دە ـ دوازدە منداڵ لەو ماڵەدا پێویستیان بە بژێو و دابینکردنی داهاتوو هەیە، منداڵەکانیش لە بیریان دەچووەوە کە باوکیان ئەرکێکی بەرانبەر بەوان هەیە و پێیان وابوو ئەرکی باوك هەر ئەوەیە کە جارجار نێوچاوێکیان لێ گرژ بکات، شەقێ، زللەیەك یان سووکە جنێوێك باریان بکات تەنیا بۆ ئەوەی هەست بە بوونی بکەن و بزانن کە باوکێکیش لەو ماڵەدا هەیە. کاری باوکیش لەوانە تێ نەدەپەڕی کە بە کوڕی گەورەی ماڵ بڵێ تۆ بۆ جگەرە دەکێشی؟ بێ ئاگا لەوەی کە کوڕی لەوە بچووکتری کراك دەکێشێ. یان بە سەر کچە بچووکەکەیدا بگووڕێنێ کە بۆچی دەرس ناخوێنی، لە حاڵێکدا کە بۆ خۆی کچە گەورەکەی لە تەمەنی یازدە ساڵیدا لە مەدرەسە دەردەهێنا بۆ ئەوەی کە شوو بکاتە ڕەفیقی دەورانی سەربازیی خۆی. بە سەر کوڕە بچووکەکەیدا بگووڕێنێ کە بۆچی بە کڕینی «لەواشەك» پووڵی زەحمەتەکانی ئەو بە فیڕۆ دەدات، لە حاڵێکدا کە خۆی سەد قاتی ئەو پووڵەی دەکرد بە دووکەڵ و بنمیچی ماڵەکەی پێ قانگ دەدا. جارجاریش دوو شەقی لە منداڵێکی هەڵدەدا بۆ ئەوەی منداڵەکان بزانن ئەرکی باوکایەتیی خۆی ئەنجام دەدات و هێشتا پەکی نەکەوتووە. هەموو ئەو پەڵپ و بیانوو گرتنانەی ئەو باوکانە لە بەر ئەوە بوو کە لە لایەکەوە زیندووبوونی خۆی بسەلمێنن و لە لایەکی دیکەوە منداڵەکان بە شتە لاوکییەکانەوە سەرقاڵ بکەن کە بیر لە پرسە گرینگەکانی وەك ئەرکی باوکایەتی ئەو و ماف و چارەنووسی خۆیان نەکەنەوە.

ئەوەش حیکایەتی کۆماری ئیسلامییە کە تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە زیندووە و بە جەستە لە نێوماندایە، جارێك قژی کچان دەکاتە بیانوو و جارێ پانتۆڵی کوڕان. جارێك بوونی ژنان لە ستادیۆمی وەرزشیدا دەکاتە ڕۆژەڤی هەڵبژاردن و جارێکی دیکە دڵئێشانی مەراجعی تەقلید دەکاتە پاساوی نەبوونیان. بۆ داتاشینی شێوازی نوێی سزادان دەکەوێتە کێبڕکێ لەگەڵ داعش، جاران ئیعدام و شەللاق و دوورخستنەوە و دەیان سزای دیکەی هەبوو، لە پڕێکدا دەستبەسەربوون لە ماڵی خۆتدا دەکاتە شێوازێکی نوێ، ئەمجار ئەستێرەدار کردنیش دادەهێنێ، لەو لاشەوە کەسانێك «ممنوع الخروج» دەکەن، واتە وەکوو سزایەك ناچاریان دەکەن لە وڵاتی خۆیاندا بژین! چوونکە بۆ خۆیانیش دەزانن وڵاتیان کردۆتە چ زیندانێك. هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەیە کە خەڵك بزانن کۆماری ئیسلامی ماوە و نەمردووە و لە داهێنان بەردەوامە و جارجار بە تێسرەواندنێ شەقێك ئەرکی باوکایەتیی خۆی جێبەجێ دەکات. لە بەر یەخەی کراسێك یان ڕەنگی پانتۆڵێك خەڵك دەخاتە بەر لێپێچینەوە تاکوو بیر لە شتی گەورەتر نەکەنەوە و ئەگەر ڕۆژێك ناچار بوو لە بەردەمیاندا پاشەکشە بکات، هەر مافی قژ و پانتۆڵەکەیان بە تێبینییەوە پێ بدات (نەك زیاتر) و لە کۆتاییدا هەر دوو لا ڕازی بن و بیکەنە شایی و سەما و کارنەڤاڵ بۆ ئازادبوونی دوو میلی میتر شەرواڵ.

# هەر گەلێک ئایندەی خۆی بوێت، ئەبێت بیر لە ئاشتی بکاتەوە



**پارێزەر/ تارا خێری**

ئاشتی یەکگرتووییە، هاودەنگییە، هاوپەیمانیەتییە، هاوخەمییە لە گشت کێشەکان، بەڵێ گەلی کورد پێویستی بەو جۆرە ئاشتیە هەیە. ئاشتی بەرپرسیاریەتیەکی مێژووییە لەئەستۆی ئەو کەسانەی کە خەون بۆ داهاتووی نەتەوەیەك یان تەواوی جیهان ئەبینن، چونکە ئاواتی هەزاران ساڵە لە ئاشتیدا بەدی دەهێنرێت .

ئاشتی نیاز پاکییە لە گوفتار و کردەوەدا، ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو نیازپاکییەمان لە گوفتار و کردەوەدا بۆ هەموو لایەك سەلماندووە و دەسەلمێنین، لەبەرامبەردا چاوەڕوانی نیازپاکی لە هەموو لایەنە کوردستانییەکان دەکەین لە گوفتار و کردەوەدا .

ئاشتی ڕاگرتنی هاوسەنگییە، ئەو هاوسەنگییە پێویستە پارێزراو بێت بۆ هەموو لایەنەکان.

جێگەی خۆشحاڵییە کە هەموو لایەنە کوردستانییەکان لە پلانی دوژمنان تێگەیشتوون بۆ لەنێوبردنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان. پێویستە هەر لە ئێستاوە کار بۆ بنیادنانی هاوپەیمانییەتیەکی هەمیشەیی کوردستانی بکەینەوە بە بەشداری هەموو لایەنەکان، ئەو کاتە ئێمە سێ ئامانجی گرینگ لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانیەتییە بەدەست دەهێنین:-

یەکەمیان: بنیادنانی ئاشتەوایی نێو ماڵی کورد بە چارەسەرکردنی کێشەکانمانەوە.

دووەمیان: یەك هەڵوێستی و هاودەنگیی گەلی کورد لە بەرامبەر دوژمناندا.

سێیەمیان :وەك هێزێکی ئاشتیخواز پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنین لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی دێموکرات و مۆدێرن کە ڕێز لەهەموو جیاوازییەکان دەگرێت.

ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نیگەران کردووە بەشێك لە گەلانن کە کاتێك سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاندووە وەك پێویست ڕێزیان لە جیاوازییەکانی نێوانیان نەگرتووە. پێویستە ئێمە ئەم ئەزموونە شکست خواردوانە لە ڕەوتی خەباتمان بۆ ئازادی خۆیان بەدوور بگرن چونکە لە غەیری ئەوەدا خەباتی گەلەکەمان لە ڕەوتی بەرەو پێش چوون دوادەکەوێت.

بۆیە پێویستە هەموو هێزە کوردستانییەکان ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە جیاوازی نێوانمان نەبێتە هۆکاری لێک دابڕانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، بەڵکو ببێتە هۆکاری دەوڵەمەندی کلتوری سیاسی لە کوردستاندا. لایەنە سیاسییەکان پێویستە ڕێز لە ئیرادەی بێگەردی خەڵکی کوردستان بگرن چونکە ئەوان نوێنەری خەباتی پڕشکۆی ئەم گەلەن، وەك نوێنەرێك خەباتی هەر لایەنێك تا ئەو کاتە ڕەواییەتی هەیە کە لە چوارچێوەی ویست و داخوازی گەلی کورددا بێت، ئەوە ڕاستییە کە گەلی کورد خەباتی بۆ ئاشتی و یەکسانییە. گەلی کورد بۆ چەندین نەوە خەباتی بۆ ئازادی کردووە، هیچ لایەنێك ناتوانێت بەتەنها هەموو داواکارییەکانی گەلەکەمان جێبەجێ بکات، کەواتە پێویستە ئەو دەرفەتە بۆ هەموو لایەنەکان بڕەخسێنین کە بە ئامانجی خزمەتکردنی گەلەکەمان خەبات دەکەن .

هەر وەك لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دیارە، ئازادیخوازی واتای فراوانخوازی نییە، بەڵکوو لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتییە. بۆیە ئێستا کە ئێمە بە ڕۆژگارێکی چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبین، شنەبای ئازادی بەرەو کوردستان هەڵی کردووە، دەبێ لەم دەرفەتەدا هاوکاری یەکتری بکەین، بۆ ئەوەی کە بە هەموومان بەرژەوەندی گەلەکەمان بپارێزین.

# ڕۆژی جیهانیی ئەشکەنجە و پشتیوانی لە قوربانییەکانی ئەشکەنجە

**ئیدریس ستوەت**

ئەشکەنجە یەکێك لەو کردەوە هەرە نامرۆڤانەیە کە لە دژی کەرامەتی مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی لە نێوچوونی کەرامەت و ژیانی مرۆڤ و ئەو کردەوە هۆڤانەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا بەڕێوە دەچێ. هەر چەند کە ئەشکەنجە لە ساڵانی دوور و درێژدا وەك کەرەستەیەك یان ئامرازێکی ڕەوا لە سیستەمی دادوەریی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا بۆ وەرگرتنی زانیاری و دانپێدانان کەڵکی لێ وەردەگیرا بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی هزری کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستان ئیتر ئەشکەنجە ڕەوایی خۆی لە دەست دا و وەك بێحورمەتیەکی گەورە بە مرۆڤایەتی زانراو و بۆ لەنێوبردنی ئەو کردەوە هۆڤانەیە هەنگاوی پێویست هەڵگیرا.

هەر بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێشگرتن لە ئەشکەنجە و پشتیوانی لە قوربانییەکانی ئەشکەنجە لە جیهاندا بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٩٧ دا بە مەبەستی نەهێشتنی ئەشکەنجە و هەموو شێوەکانی بەکار هێنانی توندوتیژی دژی مرۆڤ، ڕۆژی ٢٦ی ژوەنی وەك ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی ئەشکەنجە و پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجە ڕاگەیاند. هەر بە پێی مادەی ١ی ئەو کۆنوانسیۆنە هەر جۆرە ئەشکەنجەیێك بە مەبەستی دان پێدانان و وەرگرتنی زانیاری لە سەر کەسی دەستبەسەرکراو قەدەغە ڕاگەیاندرا. سەرەڕای ئەو بڕیارە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لەنێوبردنی ئەو کردەوە هۆڤانانە هەنگاوی باشی هەڵگرتووە، بەڵام بەداخەوە ئێستاش لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا ئەشکەنجە بەردەوامە و تا ئێستا دیاردەی ئەشکەنجە بە شێوەگەلێکی هۆڤانە وەك بەشێك لە سیستەمی دادوەری زۆر لە وڵاتان کە یەکێك لەو وڵاتانە، ڕێژیمی دیکتاتۆر و دژی مرۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڕێوە دەچێ. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی زیاتر لە ١١١ وڵاتی جیهان بە شێوەیەکی سیستماتیك ئەشکەنجە بەڕێوە دەچێ و لەو نێوەدا ئێران لە پلەی یەکەمدایە و تا ئێستاش نێزیك بە ٥٠ وڵاتی جیهان و بە تایبەتی ئێران، کۆنوانسیۆنی جیهانیی نەهێشتنی ئەشکەنجە و پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجەی واژۆ نەکردە. چونکە ئەو پێناسەیەی کە لە ئەشکەنجە لە کۆنوانسیونەکەدا کراوە بە پێچەوانەی یاسای سزا ئیسلامییەکان دەزانن، بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاری ڕاگرتنی ئەشکەنجە لە ئێراندا بە نایاسایی زانراوە.

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ وەرگرتنی زانیاری و دانپێدانان لە گیراوەکان بە شێوەیەکی هۆڤانە لە ئەشکەنجە کەڵکی وەرگرتوە و تا ئێستاش لە زیندانەکانی ئێراندا، وەرگرتنی زانیاری و دانپێدانان لە ڕێگای ئەشکەنجەوە بەردەوامە و ئێمە دەتوانین بە کورتی هێما بۆ چەند شێوەی ئەشکەنجە لە ئێراندا بکەین.

ئەشکەنجەی لێدان بە قەمچی، جنێودان بە کەسانی پلە یەك، هەڵواسین، سووتاندنی جەستە بە مۆم و بە جگەرە و ئاسنی سوورکراو، کێشانی نینۆکەکان، ددان کێشان، ڕاگرتن لە بەندە تاریك و تاکەکەسیەکاندا، دەستدرێژیی جینسی بە تایبەت لە سەر ژنان، بڕینی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لە سەر بنەمای بە شرۆڤەی ئەوان «ئیسلام»، (بە تایبەتی ئەوانەی کە سیاسین و حوکمی ئێعدامیان هەیە، ئەندامەکانی لەشیان دەبڕن و بۆ کەس و کاری خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن) ، دروستکردنی چەندین کورسی کارەبایی، دروستکردنی کڵاوی کارەبایی و سندووقی جوراوجور بۆ بەکارهێنانی ئەشکەنجە، لەو ئەشکەنجانەن کە ڕێژیم لە دژی بەندکراوەکان بەڕێوەی دەبات و بە تایبەتی بەندکراوە سیاسییەکان لە گەڵی بەرەوڕوون.

هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشەی دەستدرێژیی جینسی و دەستبەسەرکردنی ئەندامانی بنەماڵەی گیراوەکە و بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگیی بنەماڵەی گیراوەکان و بە تایبەتی هاوسەری بەندییەکان لە ژووری لێکۆڵینەوەکاندا بە بەڕێوەبردنی شانۆی ئێعدام کە بە ئەشکەنجەی سپی دەناسرێ بە شێوەیەکی بەردەوام بە ئامانجی وەرگرتنی دانپێدانان و زانیاری لە بەندییەکان کەڵك وەردەگرن. بێگومان هەڵسوکەوتی وەهای دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم تەنانەت دوای ئازادکردنی کەسی بەندکراویش کاریگەریی خراپ لە سەر دەروونی ئەو کەسە و بنەماڵەی ئەو کەسە بە جێ دەهێڵێ و ژمارەیەك نەخۆشیی درێژخایەن لەگەڵ خۆیدا بەدوا دێنێ و لە لایەکی دیکەوە لە سێدارەدان و بەردباران و بڕینی ئەندامەکانی لەشی بەندییەکان بە بیانووی جۆراوجۆر و بۆ ترساندنی خەڵك و کۆمەڵگا و هەروەها سەرکوتکردنی هەر جۆر دەنگێکی ناڕازی لە ئێراندا بەڕێوە دەبات. لە ڕاستیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتادا و بە بڕیاری خومەینی لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی، سیاسەتی ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی وەك یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەسەڵاتی خۆی دیاری کردووە. بە تایبەتی لە دەیەی ٦٠ کە زیاتر لە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوان بە شێوەیەکی زۆر هۆڤانە ئەشکەنجە کران کە ژمارەیەکی زۆریان بوونە قوربانی و بە هەزاران کەسیش لە سێدارەدران و بە بڕیاری خومەینی بڕیاری جیهادیان لە دژی گەلی کورد دەرکرد و ئەو سیاسەت و کوشت و کوشتارە تا ئێستاش لە کوردستان هەر درێژەی هەیە. ئەو ڕێژیمە ئەگەر لە هیچ بوارێکدا شارەزایی نەبێ، لە بواری ئەشکەنجە و دروستکردنی ئامرازی ئەشکەنجە شارەزاییەکی زۆری هەیە و لە بواری ئەشکەنجە کردن لە جیهاندا بێ وێنەیە. هەر بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ئێران ئێستا لە ڕێزی یەکەمی ئەو وڵاتانەدایە کە ئەشکەنجەی هۆڤانە و درێژخایەن بەڕێوە دەبەن.





## پێڵاوتان سەر چاوی شیعری من

فەریدوون ئەرشەدی

دەبێ شیعرێك هەبێ
بۆ شکۆی ئەم دەست و تفەنگە بێتە دەنگ!
شیعرێك ، لە دەشتا وەك مامز بلەنجێ.
بە زنار و زەردانا
کەڵ ئاسا، هەڵبەزێ.
لە شەقام پێبکەنێ و بە شانی چیاوە
باڵا بەرز، وەستابێ .
وەختێ شاخ ڕەشماڵی بۆ خەوتان هەڵداوە،
تریفەی شیعری من، ئێشك چی خەونتانە.
لاولاوی خەیاڵم
بازنی مەچەکتانە .
ئەو کاتەی قەزوانێك بۆن دەکەن،
وشەی من بەرزترین داروەنە !
لەئاوی کانییەکا دەموچاو بشۆرن
کەناری ئەو کانییە، بە بەردی دڵی من
پەرژینە.
کتریەك بنێنە سەر ئاگر
شیعری من دەکوڵێت و
دەبێتە چایەکی تازە دەم بۆ پشووی بن بەردی سەنگەرتان.
لە نێوان مەیدانی شاران و ترووپکی لووتکەدا
پردێکم هەڵبەستووە لە وشە.
وەرنەوە.
پێڵاوتان سەر چاوی شیعری من .!

# بەراوردێک لە نێوان دوو بەرهەمی هونەریدا

قادر ئەلیاسی



لە بەرەبەری٨ی مارسی٢٠١٥ی زایینیدا کە بە ڕۆژی جیهانی ژن ناسێنراوە، کچە هونەرمەندێك بە ناوی چیمەن ڕەحمانی بەرهەمێکی هونەری بە شێوەی کلیپ لە ژێر ناوی «یەك لە هەزاران» بڵاو کردەوە. کاتێك گوێم بۆ ناوەرۆکی گۆرانی یان بەستەکە ڕاگرت، باسی ئازارەکانی کچ بوون دەکا. کچ هەر لە ئەو کاتەی کە لە دایك دەبێ، وەك نەنگێکی بنەماڵە سەیری دەکرێ. هێشتا منداڵە و حەزی لە یاری منداڵانەیە، بە نابەدڵی دەدرێ بە شوو و تا سەرەنجام بە ناکامی و جوانەمەرگی سەر دەنێتەوە.

تابلۆکانی کلیپەکە ئەوەندە ڕوون و ئاشکران، بەبێ پێچ و پەنا بینەری ئاشنای ژیانی پڕ لە ئازاری کچ و ژنی کوردەواری تێدەگەیەنێ کە ستەمی ڕەگەزی نێوان نێرومێ، چەندە سامناکە!

دوای وردبوونەوەی زیاتر لە گۆرانییەکە، کەوتمەوە بیری مقامی «فەلای شاری خەم»ی هونەرمەندی نەمر یەدوڵڵا ڕەحمانی. یەدوڵڵای دەنگخۆش و هونەرمەندی ناسراوی دەڤەری سەرپێڵی زەهاو، لە سەرەتای ١٣٥٠ی هەتاوی(١٩٧١ی زایینی)، کۆمەڵێك گۆرانی بە کوردی شێوەزاری خوار یان ئەرزوان بڵاو کردەوە کە مقامی «فەلای شاری خەم»، یەکێك لەو بەرهەمانەیە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە ورد بینەوە، دەقی ئەو مەقامە لە خوارەوە دەنووسمەوە کە شیعری مامۆستا ڕەحمانی یە:

من کوڕێ خەم بیم، لە خەم بیم پەیدا
خەم نافم بڕی، خەم ناوم نیا
خەم چڕی لە لیم: ئەی چارەسیا
خەم خوەند لە گووشم: تونی چارەسیا
چیمە شارێ خەم، جفتی گا بەستم
نووسەد خەروار خەم، کەفتیەسە دەستم
چوارسەدی خەمە و پانسەد پەژارە
من وە کووڵ کیشمەی سوو تا ئیوارە
فەلای شارێ خەم
هەر خوەمم، هەر خوەم
***
جفتێ خەم کردم وە خەمینەوە
توخمێ خەم شەندم وە زەمینەوە
بیڵی لەو خەمە نامە بانێ شان
ئاویاری خەم کەم، من وە دڵ و گیان
داسی لەو خەمە من ژەندمەوە
چەپچەپ لەو خەمە من کەندمەوە
چانی لە خوەم بی، ماڵی لە مەردم
هووڵەی خەمەکەم من تەمام کەردم
شەنی لە خوەم بی، شەنیاری مەردم
ماسیەی لەو خەمە، جیاوە کەردم
ئاردێ خەم کردم، وینەی کووی زوخاڵ
بارێ خەم کردم، هاوردم وە ماڵ
نانی لەو خەمە، نیامە وەر داوان
ڕوی کردم لە ڕوی هەردەی بیاوان
خەم تو عەزیزی، خەم تو برامی
هەر کوورە مەچم، ڕەفیقێ رامی
یەدی دی بەسە، هەر تو خەم نەیری
خەڵك گشت خەمبارن، تو خەوەر نەیری

پاش نووسینەوەی هەڵبەستی فەلای شاری خەم، کەوتمە بەراوردکردنی ئەو بەرهەمە لە گەڵ بەستەی «یەك لە هەزاران»ی چیمەن. چیمەنی کچی هونەرمەندی کۆچکردوو»یەدوڵڵا ڕەحمانی»، دوای چل ساڵ بەستەی «یەك لە هەزاران» بڵاو دەکاتەوە. ناوەرۆکی ئەم گۆرانییە، لە گەڵ مقامی «فەلای شاری خەم» لە یەك بارەوە لە یەك دەچن. هەر دوو بەرهەم باسی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری مرۆڤ دەکەن. فەلای شاری خەم، باس لەو ئازار و کەندوکۆسپانە دەکا کە لە کاتی لە دایك بوونی مرۆڤێکدا تا دوایین کاتەکانی ژیانی بەرۆکی بەر نادا و بەردەوام لە گەڵی دەژی. بەڵام بەستەی «یەك لە هەزاران» وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، چڕ دەبێتەوە لە ژیانی مرۆڤی ژن بە تایبەتی. بۆ ئەوەی لە ناخی ئەم دەقەش باشتر تێبگەین، سەرنجێکی هەڵبەستی »یەك لە هەزاران» بدەن کە شاعیری ئازیز کەڵهوڕ شێرزادی نووسیویەتی:

فەلەك گۆڕی لەبەختی من شەوانی پڕ هەسارەی گەش
دوو چاوی ڕەش دوو زوڵفی ڕەش، بەسەد ئاخ و بەچارەی ڕەش
لەدایکبوونی من بۆچی چرای کوژاوەی ماڵان بوو؟
لەبەرچی زەحمەتی ساڵانی دایکی من لەبیرت چوو؟
بەکۆیلەکردنی هەستم بەهانەی سوونەتی من بوو
بە تێغی تیژ باخی باوەڕ و هیوام بە تاڵان چوو
لەکاتی مارەییم نایە، لە کاتی زۆر منداڵم
بەزۆر مارەم دەکەن، هەی داد وەکوو مەل دەشکێنن باڵم
بزانە چیت کرد لەمن دونیا، کە ئاگر بوو بەچارەی من
لەگەڵ گیان و دڵم سووتا شەوانی پڕ هەسارەی من
تۆ خۆت باشتر دەزانی کە داتماڵیوم لە بوونی خۆم
بە لەش هی تۆم
بە هەست هی تۆم
بە بیروباوەڕم هی تۆم
لەبەر چی دەمکوژی بۆ؟
خۆ نیم کەمتر لە ئاستی تۆ
من کچی تۆم و خوشکی تۆم
من هاوژین وهاوچەشنی تۆم!
ئەگەر مەلی خەیاڵی ژن ڕەها ببێ لە زیندانی
هەموو دونیا تژی دەبێ لە ئازادی و یەکسانی
لەو ڕۆژەوە لە ئاسۆدا خۆری من خۆی دەنوێنێ
کە دەنگی کامەرانی من، دڵی دونیا دەلەرزێنێ
***

خوێنەری ئازیز
وەك بۆتان دەرکەوت، ژنی کورد لە چەند لاوە ستەمی لێدەکرێ. یەکەم وەك کورد، دووهەم وەك تاکێك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و سێهەم وەك مێینە. فەلای شاری خەم، باس لەو ستەمانە دەکا کە مرۆڤێکی بندەست و هەژار، لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە گەڵی دەستەویەخەیە. بەڵام بەرهەمی «یەك لە هەزاران» قووڵ دەبێتەوە لە ژن و ژیانی پڕ لە کولەمەرگی و چەرمەسەری ئەو بەشە لە کۆمەڵ. لە ڕوانگەی ئایینییەوە بە لاواز و چاولەدەستی پیاو سەیری دەکرێ. لە دابونەریتی چەقبەستووی کۆمەڵی دواکەوتوودا ئەوە کە دەکرێ بە هۆپەڵی بەری پەڵی هەموو بەلایەکی کۆمەڵگا. کە دوو بنەماڵە یان دوو هۆز بە شەڕ دێن و خوێن دەکەوێتە بەینیان، ئەوەی خوێنی پێخۆش دەکرێ، دیسان هەر ئەوە دەبێ بە قۆچی قوربانی.

بەم بەراوردە خێرایە، گیانی پاکی هونەرمەندی ئازیز و نەمر یەدوڵڵا ڕەحمانی بە نەمری هەتاهەتایی دەسپێرم و تەمەن درێژی بۆ چیمەن خانم لە پێناوی پەرەدان بە هونەری پێشکەوتوو و ڕەسەنی کوردی دەخوازم. هەر وەها ئاواتەخوازم ستەم بە گشتی و ستەمی نەتەوایەتی، چینایەتی و ڕەگەزی بە تایبەتی نەمێنێ.



# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 656 ▪ 6 July 2015*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr





فۆتۆ: سەلاح نادری